**تیرۆریزم**

بروس هۆفمان

# تیرۆریزم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
ئاوات ئەحمەد

سلێمانی- ٢٠٠٥

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٦٠ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# تیرۆریزم

نووسینی: بروس هۆفمان
وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد

بابەت: لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
ژمارەی سپاردن : ١٣ ی ٢٠٠٥

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

## ناوەرۆك

| | |
|---|---|
| بروس هۆفمان | ٩ |
| پێشەكی | ١٠ |
| تیرۆریزم چیە؟ | ١٣ |
| تیرۆریزم وەكو كردەوەیەكی سیاسی | ١٥ |
| پێناسەی رەسمیی تیرۆریزم | ١٧ |
| هۆیەكانی تیرۆریزم | ٢٠ |
| فراوانبوونی هێرشە كوشندەكانی تیرۆریستان | ٣٠ |
| خەسلەتەكانی هێرشی تیرۆریستان | |
| نەخشەدانانو رێكخستن | ٣٧ |
| قوربانیەكانی تیرۆریزم | ٤٠ |
| چەكەكانی تیرۆریزم | ٤٢ |
| داواكارییەكانی تیرۆریستان | ٤٧ |
| كاریگەریی تیرۆریزم | ٥١ |
| قەلاچۆكردنی تیرۆر | ٥٨ |
| میتۆدەكانی قەلاچۆكردن | ٦١ |
| تیرۆری نێو دەوڵەتی | ٦٣ |
| سەرەتاكانی تیرۆریزم | ٦٥ |

## تیرۆریزم

له شۆرشی فەرەنسییەوە بۆ جەنگی یەکەمی
جیهان ٦٧
تیرۆریزمی دژ بە کۆلۆنیالیزم ٧٢
کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکان ٧٣
هەشتاکانو نەوەدەکان ٧٨
١١ی سێپتەمبەر ٨١
ئایندەی تیرۆریزم ٨٣

## ترس چەندان چاوی هەیەو دەتوانێت شتە شاراوەکان ببینێت

سێرڤانتێس – دۆن کیخۆتە

# تیرۆریزم

## بروس هۆفمان

Bruce Hoffman, A. B., B. Phil., D. Phil.

نوسەری کتێبیی نێوداری (*Inside Terrorism*) ە، بەڕێوەبەری ئۆفیسی واشینگتۆنی دەزگای RAND ە. هۆفمان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بڕوانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەرگرتووە. پسپۆڕێکی جیهانیی ناسراوە لە بواری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و توندوتیژیی خێزانیدا، بەشێوەیەکی تایبەتیش پسپۆڕە لە خۆرەلاَتی ناوەڕاستدا. زیاتر لە سی ساڵە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی تیرۆرو تیرۆریستان و یاخیبوون و خەباتی گەریلاییە. کتێبە نێودارەکەی "Inside Terrorism" لە زانکۆی کۆلۆمبیا چاپ کراوەو تێیدا بە درێژیی باسی لۆجیکی "تیرۆریزمی خۆکوژیی" دەکات. لە بەهاری ٢٠٠٤ دا راوێژکاری یەکەمی دژوەستانەوەی تیرۆریزم بووە لە ئۆفیسی کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، سەر بەدەسەلاَتی هەرێمایەتی هاوپەیمانان لە بەغداد.

## پێشەکی

تیرۆریزم[1] بریتیە لە خولقاندنی ترس و تۆقاندن بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاریی سیاسی. هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستانە چەردەیەك توندوتیژی[2] تێدایە و لە لایەنی گروپە ناحکومییەکان یان تاکەکانەوە ئەنجام دەدرێت, ئەو گروپانەی بەشێك نین لە هێزی سەربازی, یان دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا, یاخود دەزگای هەوالگری, یان هەر دەزگایەکی تری حکومی ناو دەوڵەت, هەروەها هیچ سیفەتێکی رەسمی دیکەشیان نیە.

---

[1] تیرۆر Terror ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم, وشەیەکی فەرەنسی کۆنە و لە وشەی terrereی لاتینییەوە وەرگیراوە کە مانای ترساندن دەگەیەنێت.

[2] توند و تیژی Violence لە سادەترین مانایدا هێرشکردنی جەستەییە بۆ سەر کەسێکی تر. ئەو چالاکییانەی کە دەشێت لە رووی یاساییەوە بچنە ژێر ناونیشانی توندو تیژییەوە, بریتین لە راوەدوونان, فشارخستنە سەر, وەرزش, لەگەڵ جەنگ و شەڕ و شۆڕ. تاوان ژمارەیەکی زۆری شێوەکانی توندو تیژی دەگرێتە خۆی.

**بروس هۆفمان**

تیرۆریستان نەك هەر دەیانەوێت ترس و تۆقین بلاو بکەنەوە, بەڵکو دەشیانەوێت متمانەی خەڵك بە حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی ناو ئەو وڵاتە لەق بکەن کە کردوویانە بە نیشانەو ئامانجی هێرشەکانیان. تیرۆریزم بە جۆرێکی وەها دارێژراوە کە کاریگەریی‌و کاردانەوەی سایکۆلۆژییانەی لێ بکەوێتەوە, ئەم کاریگەرییە زۆر لەو کارتێکردنە تێدەپەڕێت کە لەسەر قوربانییە راستەوخۆکان یان ئەو بابەتانەی هێرشی کردووەتە سەریان, هەیەتی. هەوڵی تیرۆریستان بۆ ئەوەیە بیستەران و بینەرانێکی فراوانترو بەربلاوتر بتۆقێنن‌و ملیان پێ کەچ بکەن و چۆکیان پێ دابدەن, وەك گروپە ئەتنی یان ئاینییەکان، لەو گروپانەی تیرۆریستەکان ململانێیان لەگەڵدا دەکەن و لەگەڵیاندا ناکۆکن, یاخود تەواوی خەڵکی ناو وڵاتێك, یان هەر هەموو کۆمەڵی نێونەتەوەیی بەسەر یەکەوە.

گروپە تیرۆریستەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەندامیان کەمە, هێزو توانای شەڕکردنیان سنوردارە, هەروەها سەرچاوەو داهاتی رێکخراوەییشیان کزە. بۆیە هەوڵ دەدەن چالاکییەکانیان زۆر دراماتیکی و پشت شکێن بن, بە پەلەو خێرا دەست دەوەشێنن و بۆی دەردەچن, دەیانەوێت سەرنجی خەڵك بۆ خۆیان و کردەوەکەیان رابکێشن. تیرۆریستان دەیانەوێت لە توێی ئەو شۆرەت‌و نێوبانگەوە

## تیرۆریزم

که له کردەوه توندو تیژییەکانیانەوه دەکەوێتەوه, کاریگەریی و دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویيەك بەدەست بهێنن که خۆیان نیانه و لەباریشیاندا نیه.

## تیرۆریزم چیە؟

زاراوەی تیرۆریزم بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا بەکارهاتووە بۆ گوزارشتکردن لە سیستمێکی نوێی حکومەت, کە لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسیدا لەسەر تەخت بووە, لە سەردەمێکدا کە پێی وتراوە ماوەی تیرۆر[٣], ئەو حکومەتە هەوڵی دەدا گەشە بە دیموکراسی و فەرمانڕەوایی میللی بکات, بەڵام بە قەلاچۆکردنی دوژمنانی شۆڕش و پاکسازیکردنی شۆڕشەکە. وەلێ سەرەنجام ئەو توندو تیژی و سەرکوتکردنەی لە تیرۆردا هەیە, بوو بە ئامێری ترساندن بە دەستی دەوڵەتەوە. ئیتر لەو کاتەوە, تیرۆریزم شۆرەتێکی خراپی پەیدا کرد. دواتر وشەکە ئەوەندە بایەخی نەما هەتا گەیشتینە سەدەی

[٣] ماوەی تیرۆر Region of terror بریتیە لە ماوەی نێوان دوو ساڵی ١٧٩٣ –١٧٩٤ لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا. لەو ماوەیەدا هەزاران کەس بە تۆمەتی ئەوەی دوژمنی شۆڕشن، کوژران. جەیکۆبییەکان بە سەرکردایەتی ماکسیمیلین رۆبێسپیێر، دەستیاندایە کوشت و بڕو خوێنڕێژی.

## تیرۆریزم

نۆزدەیەم، ئینجا لە لایەنی گروپێکی شۆڕشگێڕەوە[٤] بەکارهێنرا بۆ وەسفکردنی ئەو توندو تیژییەی دژی فەرمانڕەوایی تزاریی پیادەیان دەکرد. ئیتر لەو کاتەوە تیرۆریزم زیاتر وەك چەکی دژایەتیکردنی حکومەت لای خەڵك ناسرا، ئیتر ئەو نێوبانگ و شۆرەتە بەدناوەی بە دەست هێنا کە ئیمڕۆ هەیەتی.

---

[٤] مەبەست لە گروپی دیکابرییەکانە، کە پێشیان دەوترێت دیسەمبەرییەکان، ئەمانە یەکەمین گروپی مۆدێرنی شۆڕشگێڕانن لە روسیا، لە ٢٦ ی دیسەمبەری ١٨٢٥ دا راپەڕینێکی سەرنەکەوتوویان ئەنجامدا. شۆڕشگێڕانی دواتری روسیا سروشیان لە شەهیدەکانی ئەمانەوە وەرگرت. بەشی زۆری ئەندامانی ئەم گروپە، ئەو جوتیار و وەرزێرانە بوون کە دوا بەدوای جەنگە ناپۆلیۆنییەکان، بەشدارییان کردبوو لە داگیرکردنی فەرەنسادا، بەوەش ئەزمون و شارەزایی سەربازییان پەیدا کردبوو. لە سالچی ١٨٧٠ دا نەوەی دواتری جوڵانەوەکە دەستیان دایە کوشتنی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی دەوڵەت و سەردەستەی کارەکانیان بریتی بوو لە کوشتنی ئەلەکساندەری دووهەمی تزاری روسیا لە ساڵی ١٨٨١دا.

## تیرۆریزم وەکو کردەوەیەکی سیاسی

تیرۆریزم بە سروشتی خۆی جوڵانەوەیەکی سیاسییە, چونکە هانا دەبات بۆ بەکارهێنانی هێزو بەدەستهێنانی هێز، بە مەبەستی ناچارکردنی ئەوانیتر بۆ جێبەجێکردن یان پەسەندکردنی داواکارییەکانیان.

مەبەست لە ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستانە, ناسران‌و راکێشانی سەرنجە بۆ ئەو رێکخراوەی کە لە پشتی هێرشەکەوەیە, وەها دیزاین کراوە دەسەڵاتێك بهێنێتە بەرهەم، کە نەتوانرێت پشتگوێ بخرێت. هەروەها ژینگەیەکی پڕ ترس و تۆقین دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت تێیدا کاریگەریی خۆی بنوێنێت. سەرەنجامیش سەرکەوتنی تیرۆریست لە راکێشانی سەرنج بۆ خۆیان و ئامانجەکانیان, هەروەها رەنگدانەوەی سایکۆلۆژییانە لەسەر دەوڵەت‌و هاونیشتمانییەکانی دەبێت. لەم رووەوە تیرۆریزم لە جەنگ‌و شەڕی دیکە جیا دەبێتەوە, چونکە لەواندا سەرکەوتنی لایەك بە تواناو بڕی تێکشاندنی سەربازیی و ژمارەی کوژراوەکانی دوژمن، سەرکەوتن پێوانە دەکرێت.

تیروریستان دەیانەوێت پاساوی بەکارهێنانی توندوتیژی بەوە بدەنەوە کە گوایە لە شێوازەکانی تری

## تیرۆریزم

بەدیهێنانی گۆڕانکاریی سیاسی نائومێد بوون, بۆیە هانا بردن بۆ تیرۆریزم تاکە رێگایە کە بـە دەستیانەوە مابێت, گەرچی ئەم ئیختیارە ترسنۆکانەو شەرمەزارکەرانەشە. تەبایی و ناتەبایی خەڵك لەگەڵ ئەم بیانووەدا پشت بەوە دەبەستێت ئایا ئەوانە هاوسۆزن لەگەڵ ئامانجی تیرۆریستاندا یان دڵیان لای قوربانییەکانی هێرشی تیرۆریستەکانە. سەرهەڵدانی دروشمی "پیاوی تیرۆریست پیاوێکە بۆ ئازادی دەجەنگێت" دەری دەخات کە تا چ ئاستێك تیرۆریست دەتوانێت بابەتی بێت و پشت بە هاوسۆزیی خەڵك ببەستێت.

لە هەمان کاتیشدا, کردەوە تیرۆریستییەکان کوشتن و فڕاندن و تەقاندنەوە دەگرنەوە. هەر لە دێر زەمانەوە لە هەردوو یاسای نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، سوتاندنی موڵك و خانووبەرە بە تاوان لە قەڵەمدراوە. تەنانەت لە گەرمەی جەنگیشدا, توندوتیژی دژی دانیشتوانی مەدەنی بە تاوان دانراوە. بە هەمان شێوە ئەو توندوتیژییەش کە بەرین دەبێتەوە بۆ پشتەوەی ناوچەکانی پێکداکێشانی رەسمییانەی جەنگ و دەگاتە شوێنە بێلایەن و لاشەڕەکان, ئەویش هەر وەك تاوانی جەنگ سەیری کراوە.

## پێناسەی رەسمیی تیرۆریزم

یاسای زۆربەی وڵاتەکانی جیهان تیرۆریزم بە تاوان لە قەڵەم دەدەن. بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە پێناسەی یاساکاندا بۆ تیرۆریزم, تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە یاساکانیان لە رەگوریشەی میللییەوە هاتوون. بۆ نمونە لە بەریتانیا. لەساڵی ٢٠٠٠ دا, یاسایەك دانراوەو سەبارەت بە تیرۆریزم دەڵێت "کردەوەیەکە یان هەڕەشەی ئەنجامدانی کردەوەیەکە کە مەبەستەکەی تۆقاندنی حکومەت، یاخود ترساندنی جەماوەر یان بەشێك لە جەماوەر بێت.. بە مەبەستی دەسکەوتی سیاسی یان ئاینی یاخود ئایدیۆلۆژی". سیستمی یاسایی‌و یاساکانی بەریتانیا, کاریگەرییان لەسەر یاساکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەداو ئیسرائیل هەبووە.

ویلایەتە فیدراڵییەکانی ئەمریکا پێناسەی تیرۆریزم دەکات بە "کردەوەی توندو تیژ یان کردەوەی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی مرۆڤ .. کە مەبەستیان:

ا. ترساندن یان ملکەچکردنی دانیشتووە مەدەنییەکان.

ب. کارکردنە سەر سیاسەتی حکومەت بە تۆقاندن و ناچارکردن.

ج. کارکردنە سەر ڕێڕەوی حکومەت بە کوشتن و فڕاندن.

ئەم پێناسەیە لە یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ژێر ناونیشانی ژمارە (18 USC 2331) دا هاتووە.

یاسای دژە تیرۆری کەنەدا (Bill C-36) "چالاکی تیرۆریستان" وەکو "کردەوەیەك یاخود هەوڵێك دەناسێنێت ... کە هەر هەمووی یاخود بەشێکی بە مەبەستێکی سیاسی, ئاینی, یاخود ئایدیۆلۆجی ئەنجام دراوە, هەروەها چالاکییەکە یاخود هۆکارێکە کە هەمووی یان بەشێکی نیازی تۆقاندنی خەڵکی گشتی و جەماوەری هەبێت, یاخود بیەوێت بەشێکی دیاریکراوی جەماوەری گشتی بتۆقێنێت, لە مەسەلەی ئاساییشدا, بریتیە لە ناچارکردنی کەسێك یان حکومەتێك یاخود ڕێکخراوێکی لۆکاڵ یاخود جیهانی بۆ کردن یان نەکردنی شتێك, جا چ ئەگەر ئەو کەسە, یان حکومەتە یان ڕێکخراوە لە دەرەوە یان ناوەوەی کەنەدادا بێت....".

یاسای ئیسرائیلی بە راشکاویی باسی مەسەلەی تیرۆریزم ناکات. بەڵام لە یاسای ژمارە 33 ی قەدەغەکردنی تیرۆردا, پێناسەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان دەکات بە "پێکهاتەیەکە کە ئەندامەکانی لە پاڵ چالاکییەکانیاندا, کردەوەی توندوتیژانەی وەها دەنوێنن, کە دەبنە هۆی کوشتن یان برینداركردنی

بروس هۆفمان

خەڵك, یاخود هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە     كارانە دەكەن.

## هۆیەکانی تیرۆریزم

تیرۆریزم لە مێژوودا لەبەر چەند هۆیەکی جیاجیا سەری هەڵداوە، ڕەنگە هۆی مێژوویی، کەلتوریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، ئابوریی یاخود ئاینیی هەبێت، یان هەر تێکەڵەیەك لەوانە پێکیان هێنابێت. هەندێك وڵاتی جیهان، لە چەند کاتێکی دیاریکراودا، بە شێوەیەکی تایبەتی مۆڵگەی تیرۆریزم بوون. لە ساڵانی ۱۹۷۰ کاندا، ئیتالیاو ئەڵمانیای خۆراوا بۆ ماوەی دەهەیەك حەشارگەی تیرۆریزم بوون، پاشان پووکایەوە. هەندێ وڵاتی تری وەك کەنەداو هۆڵەندە، بە رووی تیرۆریزمدا زیاتر خۆیان راگرتووەو لە چەند کارێکی پەرت و بڵاوی تیرۆریستانە زیاتریان بە خۆیانەوە نەبینیوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە کە وڵاتە دیموکراسییەکان زەمینەیەکی بەپیتترن بۆ تیرۆریزم، چونکە کۆمەڵگاکانیان سروشتێکی کراوەیان هەیە. لەو کۆمەڵگایانەدا هاوڵاتییان کۆمەڵێك مافی بنەڕەتییان هەیە، ئازادییە مەدەنییەکان بە یاسا پارێزراون، هەروەها چاودێریکردنی هاوڵاتییانو چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی بەردەوام و تۆکمە، بزرەو پیادە ناکرێت. لە هەمان

کاتیشدا, کۆمەڵگا سەرکوتکەرەکان, ئەوانەی حکومەتەکانیان بە وردی چاودێریی هاوڵاتییان دەکەن و ئاخاوتن و هەڵسوکەوتیان سنووردار دەکەن, ئەوانیش دیسان زەمینەیەکی لەباری تیرۆیزمن, گەرچی لێرەدا ئەنجامدانی تۆقاندن ناڕەحەتترە. تەنانەت دەوڵەتە پۆلیسییەکانیش لە تیرۆریزم بەدوور نەبوون, گەرچی ئازادییە مەندەنییەکان سنوردارن و ئاخاوتنی ئازادو مافەکانی کۆبوونەوە قەدەغەن. نمونەشمان روسیای تزاریو سیستمی کۆمۆنیزمی یەکێتی سۆڤێتە, هەروەها کۆماری میللی چین و بۆرما و لاوس.

بە راشکاویی, ئەو هۆیانەی کە بە شێوەیەکی دیار خەڵکیان ناچارکردووە کاری تیرۆریستانە بکەن, بریتین لە راپەڕین و بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەهامەتییانەی لە ئەنجامی سەرکوتکردنی سیاسی, زاڵبوونی کەلتوریی, رەتاندنی ئابوریی, جیاکاریی ئەتنی (رەنگ و رەچەڵەك), چەوساندنەوەی ئاینییەوە، دەکەونەوە. نایەکسانی بەرچاو لە دابەشکردنی سامان و دەسەڵاتی سیاسیدا, هەندێك لە تیرۆریستانی ناچار کردووە هەوڵ بدەن, ئەو حکومەتانە بڕوخێنن کە پێشتر بە شێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵبژێردراون. بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر پیك بهێنن, هەوڵ دەدەن جێگەی ئەو حکومەتانە بە رژێمی سوسیالیستی یان کۆمۆنیستی بگرنەوە. گروپە

## تیرۆریزم

تیرۆریستە چەپڕەوەکانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوو, لەوانەی ئەو جۆرە ئامانجانەیان هەبووە, گروپی بادەر مینهۆفی ئەڵمانی, لیوای سوری ئیتالی° و پیاوانی

---

° لیوای سوور Red Brigades رێکخراوێکی تیرۆریستی چەپڕەو بوو, لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئیتالیا چالاك بووە. هەوڵی دەدا سیستەمی دیموکراسی ئیتالیا لاواز بکات و سیستەمی سیاسی ئابوریی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت. ئەم رێکخراوە لە سەرەتای حەفتاکانەوە کە بە ماوەی پشێویی سیاسی دەناسرێت، سەرنجی خەڵکی بەرەو خۆی کێش کردووە. لەو ماوەیەدا بۆمب و تەقەمەنی لە شارە گەورەکانی ئیتالیادا, وەك رۆما و میلان و جەنەوا دەتەقێنرانەوە. چەند بەرپرسێکی هەڵبژاردەش درانە بەر دەستڕێژ, بە تایبەتی بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا, چەندان کەسیشیان فڕاند. دامەزرێنەری ئەم گروپە ناوی ریناتۆ کروسیۆیە, لە ئەیلولی ١٩٧٤ دا دەستگیر کرا, بەڵام لە شوباتی ١٩٧٥ دا, هاوەڵانی دایان بەسەر زیندانەکەیدا و ئازادیان کرد. دواتر دیسان دەستگیر کرایەوە. دیارترین کردەوەکانی ئەم گروپە, فراندن و کوشتنی ئەلدۆمۆرۆی سەرەکوەزیرانی ئیتالیا بوو، لە ساڵی ١٩٧٨ دا. لە کۆتاییەکانی ١٩٨١ یشدا, چەند ئەندامێکی ئەم گروپە بەرپرسی گشتی ئەمریکایان لە ڤیرۆنا فڕاند. دواتر لە کانونی دووهەمی ١٩٨٢دا, پۆلیسی ئیتالیا قوتاری کرد لە دەستیان. سەرەنجام گیران و دەسبەسەرکرانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی و وازهێنانی زۆرێکی تریشیان بوونە هۆی وشکبوونەوەی رێکخراوەکەو لاوازبوونی.

کەشناز س[٦] ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. تیرۆریستانی دیکەش بۆ ئەنجامدانی هەندێك شتی تر

---

[٦] پیاوانی کەشنانس Weathermen گروپێکی شۆرشگێڕە لە ساڵی ١٩٦٩دا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە. ژمارەی ئەندامانی لە چەند سەد ژن و پیاوێکی لاو تێنەپەڕیووە, ئامانجی گروپەکە رماندنی حکومەتی ئەمریکا بووە. خەباتی چەکدارییان دەکرد و خۆیان بە خوێندکارانی کۆمەڵگای دیموکرات نێوزەد دەکرد. گروپەکە دژایەتی راسیزم و جەنگی ڤێتنامی دەکرد. پێیان وابوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەلانی جیهان دەچەوسێنێتەوەو شایستەی ئەوەیە کۆمۆنیستەکانی ڤێتنام و شوێنانی تر لە ناوی ببەن. هەروەها باوەڕیشیان وابوو کە پێویستە لاوانی ئەمریکا کار هەوڵ بدەن لە ناوەو حکومەتەکە بڕوخێنن. چەند هەڵمەتێکی توندوتیژانەیان سازکرد بۆ پێشخستنی جیهانی کۆمۆنیزم. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دا, هاتنە سەر شەقامەکانی شیکاگۆ, پەنجەرەی ماڵ و کۆگانیان شکاند, هەڵیانکوتایە سەر پۆلیس و ئوتومبیلیان سوتاند. لەو رۆژانی گێرەشێوێنییەدا هەوڵیان دەدا جەنگی ڤێتنام بگوێزنەوە بۆ ناو وڵات " بۆ سەر شەقامەکانی ناو ئەمریکا" لە مارتی ١٩٧٠ دا, سێ ئەندامی کەشناس ویستیان لە ناو زانکۆی کۆڵۆمبیادا بۆمبێك بتەقێننەوە, بەڵام بۆمبەکە بە خۆیاندا تەقییەوەو کوشتنی. ئەو گروپە بەرپرسیارێتی خۆی لە ٢٠ هێرشی بۆمبی راگەیاندووە, یەکێکیان بۆمبێك بوو لە کاپیتۆڵ تەقێنرایەوە. لە سەرەتای حەفتاکاندا ناوی خۆیان گۆڕی بۆ کەشی ژێر زەمین و هەموو دەهەکە بە کاری

## تیرۆریزم

تێدەکۆشان, وەك ئەوانەی باوەڕیان وابوو کە یەزدان سروشی بۆ ناردوون و رای سپاردوون, لە نمونەی هەزارییەکان ئایندارە یابانییەکانی ئۆم شیرنیکیۆ کە بەرپرسیارن لە هێرشی گازی دەمارییەکەی ناو تونێلەکانی تۆکیۆ کە ١٢ کەسی کوشت, هەموویان لەم جۆرەن. هەندێك جۆری دیکەی تیرۆریزم چەند ئامانجێکی لە چاو ئەوانەی پێشوودا دیاریکراوتر و روونتریان هەیە, لە نمونەی ئازادکردنی خاکێکی نەتەوەیی، وەك باسك لە ئیسپانیا, یاخود یەکخستنەوەی خاکێکی دابەشکراو, وەکو ناسیونالیستە ئێرلەندەییەکانی باکوری ئێرلەندە.

دواجار, هەندێکی تریان بۆ چەند مەسەلەیەکی تر چالاك بوون و کەوتوونەتە گەڕ, وەك دژایەتیکردنی لەباربردنی منداڵ, یان وزەی ئەتۆمی, یاخود پاراستنی ژینگەو مافی گیانەوەران. ئەوانە بە هیوان فشار بخەنە سەر جەماوەریش و نوێنەرە حکومییەکانیش بۆ داڕشتنی

---

تیرۆریستانەوە خەریك بوون. سەرنجی خەڵکیان راکێشا, بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئامانجەکانی خۆیان. زۆربەی ئەمریکییەکان بۆچوونەکانی گروپەکەیان رەتکردەوە. لە کۆتایی هەفتاکاندا زۆربەی ئەندامانی گروپەکە دەسبەرداری خەبات بوون و خۆیان تەسلیمی بەرپرسان کردو هەندێکیشیان بە تۆمەتی کردەوەی توندوتیژانە زیندانی کران.

چەند یاسایەك كە راستەوخۆ پەیوەندییان بەو شتانەوە هەیە كە ئەمان بایەخیان پێدەدەن. لایەنگیرانی مافی گیانەوەران, بۆ نمونە, لە هەڵمەتەكانی خۆیاندا بۆ راوەستاندنی ئەو تاقیكردنەوە زانستییانەی لەسەر گیانەوەران دەكرێن, توندو تیژییان دژی زانایان و تاقیگە زانستییەكان بەكارهێناوە. ژینگە پارێزە رادیكاڵەكا ن[٧]

[٧] رادیكاڵ (لە سیاسەتدا) Radical (politics) ئەندامانی جولانەوەیەكن, یان خەڵكانێكی چالاك و هەڵسوڕاون كە دوای گۆڕانكاریی گەورە دەكەن لە دامودەزگا كۆمەلایەتیو سیاسییەكاندا. زاراوەكە بۆ یەكەمجار لە ئینگلتەرە بە مانایەكی سیاسی بەكارهێنراوە, سیاسەتمەداری بەریتانی جەیمس فۆكس داوای ریفۆرمی رادیكالانەی دەكرد, بە مەبەستی بەرینكردنەوەی مەودای دەنگدان. دواتر زاراوەكە بۆ ئەوانە بەكارهێنراوە كە پشتیوانییان لە ریفۆرمی پەرلەمانتارییانە كردووە. دوای سەرگرتنی لیستی ریفۆرمەكانی ساڵی ١٨٨٢, كە بە گشتی لە بەرژەوەندی چینی ناوەڕاستدا بوو, گروپێك لە رادیكاڵەكان لەگەڵ پارتی رزگاریی بەریتانییدا "وینگ" هاوپەیمانێتییان بەست, بۆ ئەوەی پرۆسەی دەنگدان بەرینتر بكرێتەوەو چینی كرێكارانیش بگرێتەوە. ئیتر لە ساڵی ١٨٦٧ دا پرۆسەی دەنگدان زیاتر بەرینكرایەوە, ئینجا لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەدا, رادیكاڵەكان دەنگدەرە نوێیەكانیان رێكخست و پارتی وینگیان گۆڕی بۆ پارتی لیبراڵ. رادیكاڵە بەریتانییەكان بە سەركردایەتی جەیمس میڵی یاساناس و جێرمی بێنتامی فەیلەسوف, هەروەها

## تیرۆریزم

تۆمارێکی پڕ لە گێرەشێوێنییان هەیە بۆ دژایەتیکردنی ئەو وێرانکارییانەی لە ناوچە دەشتەکی و سروشتییەکاندا ئەنجام دەدرێن. ئەو زیادەڕۆیانەی کە دژی لەباربردنن, ئەو جۆرە گروپانە, چەندان جار هێرشیان کردۆتە سەر عەیادەکان و پزیشکان و فەمانبەرانی تریان کوشتووە, بە ئومێدی ئەوەی مافی لەباربردنی منداڵ پووچەڵ بکەنەوە.

هەندێجار حکومەتە نیشتمانییەکان یاریدەی تیرۆریستانیان داوە بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك لە

---

دەیڤید ریکاردۆی شارەزای ئابوریی سیاسی, پەرەیان دا بە فەلسەفەیەك, کە لەسەر پرەنسیپەکەی بێنتام دامەزرابوو:"زۆرترین کامەرانی بۆ گەورەترین ژمارەی خەڵك". لە فەرەنسای پێش شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دا, رادیکاڵ پشتیوانیکەری دەنگدانی هەمووان بوو. دوا ساڵی ١٨٦٩, سیاسەتمەداری فەرەنسیی جۆرجیس کلیمینسۆ بەجیا لە کۆمارییە میانڕۆکان, سەرکردایەتی کۆمەڵەیەك رادیکاڵی کرد, لە ساڵی ١٨٨١یشدا پارتەکەی داوای ریفۆرمی سەرانسەرییان دەکرد. لە ساڵی ١٩٠١ دا, پارتی سوسیالیستی رادیکاڵ دامەزرا. ئەمڕۆ زاراوە رادیکاڵ بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی ئەوپەڕی لیبرالیزم. زاراوەکە بوو بە دژی کۆنسێرڤاتیزم. هێماکانی چەپ, راست, یەك لە دوای یەك نوسێنران بەو دوو تێڕوانینەوە. کۆمۆنیزم نمونەیەکی ئەوپەڕی چەپی رادیکاڵە, فاشیزمیش نمونەی ئەوپەڕی راستڕەوییە.

سیاسەتی دەرەکییاندا, ئەمە پێی دەوترێت تیرۆریستی دەوڵەتی, ئەمەیان لەوانەی پێشوو جیاوازە. تیرۆریزمی دەوڵەتی جۆرێکی نهێنی جەنگە, ئامرازێکە بۆ ئەوەی بە نهێنی و بە هۆی بەکرێگیراوە نادیارەکانەوە, لە رێگەی بەکرێگرتنی دەستەو تاقم و گروپەکانەوە، جەنگێك بەرێوە ببرێت. دەزگای دەوڵەتیی ئەمریکا, ئەو وڵاتانە لە ژێر ئەم ناوەدا دەپۆلێنێت کە بە شێوەیەکی چالاك یاریدەی تیرۆریستان دەدەن, یاخود کۆنە تیرۆریستان دەگرنە خۆیان, یان نایانەوێت دان بەوەدا بنێن کە بەکارهێنانی تیرۆریزم وەك ئامرازێکی سیاسی مەحکومە.

هەندێك دەوڵەت پشتیوانی لە تیرۆریستان دەکەن و سودیان لێ وەردەگرن بۆ کارە سەربازیی و دیپلۆماسی و هەوالگرییەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی مەشق وەرگرتن و شارەزابوونی تیرۆریستان و بەرەوپێشچوونی نەخشەو کردەوەکانیان. پاشانیش لە گروپگەلێکی لاواز هەژارەوە دەگۆڕێن بۆ رێکخراوگەلێکی تیرۆریستانەی وەها کە ناتوانرێت گوێیان لێ کەڕ بکرێت و حیسابیان بۆ نەکرێت, لە توانایاندا هەیە هێرش بکەن و درێژە بدەن بە کارو کردەوەکانیان.

وەزارەتی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, حەوت دەوڵەتی وەکو پشتیوانانی تیرۆریزم لە قەڵەم داوە: ئێران, عیراق, سوریا, لیبیا, کوبا, کۆریای باکور, سودان. لە

## تیرۆریزم

ساڵی ٢٠٠٠دا. ئێرانی به چالاكترین پشتیوانی تیرۆریزم داناوه، چونكه یاریدەی گروپەكانی وەك حیزبو ڵا[٨],

[٨] حیزبولاّ (پارتی خودا) Hezbollah پارتێكی سیاسی لوبنانییه لەناو لوبناندا چالاكی ئیسلامییانه ئەنجام دەدات. له حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢ داو له ماوەی شەڕی ناوخۆی لوبناندا, ئیسرائیل لوبنانی داگیر كرد و پشتیوانی له رێكخراوێكی مەسیحی كرد دژی گەلێك گروپی تر كه زۆربەیان موسوڵمان بوون. هەروەها چەند هێزێكی تری وەكو سوریاو چەند وڵاتێكی خۆراوایی رۆڵی جیاجیایان له لوبناندا گێڕاوه و رووبەڕووی داگیركاریی ئیسرائیل بوونەتەوه. له گەرمەی ئەم بگرەو بەردەیەدا, گروپێك له موسوڵمانه شیعەكان به سەركردایەتی محەمەد حسێن فەزڵوڵا, حیزبوڵایان دامەزراند بۆ ئەوەی ئیسلام ببوژێننەوەو رووبەڕووی كاریگەریی خۆراوایی ببنەوه لەناو لوبناندا. سەكردەكانی پارتەكه سروشتیان له شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوه وەردەگرت, كه توانیبووی له ساڵی ١٩٧٩ دا حكومەته عەلمانییەكەی ئێران بڕمێنێت. به هیوابوون ئێران كه ئەو كاته سەرقاڵی جەنگی عیراق بوو, بتوانێت شۆڕشەكەی خۆی رەوانەی لوبنانیش بكات. له سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دا, حیزبولاّ دەستی دایه جەنگی پارتی زانی و توانی ئیسرائیل له بەشی زۆری لوبنان وەدەر بنێت. له نیساندا, هێرشێكی خۆكوژیی كرده سەر باڵیۆزخانەی ویلایەته یەكگرتووەكانی ئەمریكا له بیروت, له تشرینی یەكەمدا هێرشێكی تری كرده سەر بارەگای مارینز له بێروت و وێرانی كرد, نزیكەی ٣٠٠ كەس مردن, سەرەنجام ئەمریكا ناچار بوو له لوبنان بكشێتەوه. له

حەماس[٩], جیهادی ئیسلامی فەلەستینی دەدا. گەرچی حکومەتی تالیبان لە ئەفغانستان, پشتیوانی لە ڕێکخراوی

---

سالآنی دواتردا, حیزبولآ دەستی دایە فڕاندنی بیانییان‌و گەلێك دەولەتی ناچار کرد لە لوبنان بکشێنەوە. حکومەتەکانی ئێران و سوریا هاوکارییەکی باشی حیزبولآیان کردووە.. لە کۆتایی هەشتاکاندا, دوو روداو بوونە هۆی گۆرینی رەوتی حیزبولآ. یەکەم, لە سالی ١٩٨٨ دا, جەنگی عیراق – ئێران کۆتایی هات و بەمەش ئومێدی ئەوەی ئێران شۆڕشەکەی خۆی بنێرێتە دەرەوە دایە کزیی. دووهەمیش لە سالی ١٩٩٠ دا, شەڕی ناوخۆی لوبنان کۆتایی هات و لوبنان رووی کردەوە سیستمی پەرلەمانی. لێرەوە بەشێك لە سەرکردەکانی حیزبولآ داوایان کرد بۆ گەیشتن بە کورسی دەسەلآت، خەباتی سیاسی بکەن. بۆیە لە هەردوو هەلبژاردنی سالی ١٩٩٢ , ١٩٩٦ دا نوێنەری خۆی پالآوت و چەند کورسییەکیشی بە دەستهێنا. بەلآم هەر بەردەوامیش بوو لەسەر کردەوەی سەربازی دژی ئیسرائیل. لایەنگرانی حیزبلآ بە زۆری ئەو موسولمانە شیعانەن کە بەناچاریی ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و روویان کردۆتە ئۆردوگاکانی بێروت. لە سالی ١٩٩٦ دا, ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانوساندنێکی لە نێوانی حیزبولآ و ئیسرائیلدا وەگەڕ خست, بەلآم شەڕی نێوانیان هەتا سالی ١٩٩٨ هەر درێژەی هەبوو, هەر دوولا لە دەرفەتی جیاجیادا توندوتیژییان بەرامبەری یەکتریی نواندووە.

[٩] حەماس Hamas گروپێکی فەلەستینییە و بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی ئیسلامییانە لەسەر خاکی

قاعیده دەکرد, کە گروپێکی رادیکاڵە لە ژێر سەرکردایەتی پیاوێکی دەربەدەری سعودیدا کە ناوی ئوسامە بن لادنە, بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاڵیبانی بە حکومەتێکی یاسایی دانەدەنا, بۆیە لە لیستی پشتیوانانی تیرۆریزمدا ناونوسی نەکرد.

## فراوانبوونی هێرشە کوشندەکانی تیرۆریستان.

گەرچی کۆی گشتی ئەو روداوە تیرۆریستییانەی لە ساڵانی ١٩٩٠ ەکاندا, لە سەرانسەری جیهاندا روویانداوە,

---

مێژوویی فەلەستین تێدەکۆشێت کە ئێستا لە نێوانی ئیسرائیل و بەرەی خۆراواو کەرتی غەزەدا دابەش بووە. ئەم گروپە لە ساڵی ١٩٨٨ دا دامەزرێنراوە و بووە بە باڵی چەکداری رێکخراوی برایانی موسوڵمان. لەساڵی ١٩٨٩دا, لەبەر کردەوە تیرۆریستییەکانی حەماس, ئیسرائیل قەدەغەی کرد. ژمارەی ئەندامانی حەماس بە دەیان هەزار لە قەڵەم دەدرێت. لە ساڵی ٢٠٠٠ دا, ١٨٪ ی دانیشتوانی بەرەی خۆراواو کەرتی غەزە پشتیوانی تێڕوانینە سیاسییەکانی حەماسیان کرد. دوای سەرهەڵدانەوەی راپەڕینی فەلەستینییەکان لە بەرەی خۆراوا و کەرتی غەزە لە ئەیلولی ٢٠٠٠ دا, پشتیوانیی حەماس بەرز بۆوە بۆ ٢٥٪. ئەندامانی حەماس شێخ و رۆشنبیر و پیاوانی کارگوزار و هەڵسوڕاوانی لاو و جەنگاوەر و شەڕکەریش دەگرێتەوە.

دابەزیوە, بەڵام ژمارەی کوژراوەکانی هێرشەکانیان زیادی کردووە. بۆیە, لە کاتێکدا تیرۆریستان کەمتر چالاکن, بەڵام زۆر کوشندەتریان لێدەرچووە. یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پشتی ئەم دیاردەیە, بریتیە لە زۆربوونی ئەو تیرۆریزمەی بە تیڕوانینێکی ئاینییانەوە دەستی داوەتە چالاکی, وەك هێرشەکانی سەر سێنتەری بازرگانیی نیویۆرك و پێنتاگۆن لە ئارلینگتۆن و ڤێرجینیا لە ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا. تیرۆریزمی ئاینی, بە شێوەیەکی چەند بارە بەرەو کردەوەی توندوتیژانەی ئاست بەرز مل دەنێت، دەشیەوێت ئەو کردەوانە وەکو قەزاو قەدەر و چارەنوس بێنە بەرچاو، نەك وەك توندوتیژی ڕێکخراوە تیرۆریستە عەلمانییەکانی تر.

فاکتەرێکی سەرەکی تر کە بەشداریی دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی کوشندەیی تیرۆریزمدا, ئاسانی پەیداکردنی چەکی قورس و سووکە. سەدەیەك زیاترە کە تیرۆریستان بایەخێکی زۆر بە چەك و تەقەمەنی دەدەن، ئەمە لە ئاستی نزمی لیستی چەکەکاندا. بەڵام لە ئاستی بەرزیدا, ژمارەیەك بەڵگە لە ئارادان کە گروپگەلێکی وەکو قاعیدە, هەوڵ دەدەن چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و تەنانەت ئەتۆمیش بەدەستبهێنن. هەندێك گروپی

## تیرۆریزم

تیرۆریستی تری وەك ئۆم شینریكۆ[10], هێرشی كیمیایی و بایۆلۆجییان كردووە. ترسی ئەوەش هەیە زەخیرە

---

[10] ئۆم شینریكیۆ Aum Shinrikyo گروپێكی بوداییانەی یابانییە لە ساڵی ١٩٩٥ دا گازی دەماریان رشت بە هاتوۆكەرەكانی شەمەندەفەری نێوتۆنێلەكانی تۆكیۆدا و بوونە هۆی كوژرانی ١٢ كەس و بریندار‌بوونی ٥٠٠٠ كەس و شۆرەتێكی جیهانیشیان پەیدا كرد. چیزۆ ماتسومۆتۆ, كە لای شوێنكەوتووەكانی بە مامۆستا شۆكۆ ئاساهارا ناسراوە, لەساڵی ١٩٨٧ دا ئاینی نوێی ئۆم شینریكیۆی دامەزراند كە مانای (باڵاترین راستی) دەگەیەنێت. ئاساهارا یۆگا و بوداییزم و داویزمی تێكەڵاوی یەكتریی كرد و تێڕوانینی مەسیحییانەی خۆشی خستە سەریان . باوەڕی وابوو كە بەم نزیكانە كارەسات و ماڵوێرانی روو دەكاتە یابان. نەریتەكانی ئایینەكە لەسەر بنەمای جێیشتنی ئەم جیهانە بەرەو جیهانی باڵاتین راستی دامەزرابوو. بە ئەندامبوونی ئەم رێكخراوە بە سێ قۆتاغدا تێدەپەڕی: یەكەم فێربوونی بنەماكانی یۆگا و تێڕامان و خاوێنكردنەوەی خود. دووهەم خۆرزگاركردن لەو وزەیەی پێی دەڵێن كوندالینی كە ئەوان پێیان وایە لەناو مرۆڤدا بوونی هەیە. سێهەم رۆشنبوونەوەو گوێزانەوەی وزە لە ئاساهاراوە بۆ شوێنكەوتووە نوێیەكە. ژمارەی ئەندامانی گروپەكە دەگەیشتە ١٥ هەزار كەس. لە ساڵی ١٩٨٩ دا چەند قوتابییەكی ئاساهارا تاوانباركران بە كوشتنی پارێزەرێك و خێزانەكەی. لە ساڵی ١٩٩٤ دا, گازی دەماریان رژاند بەسەر چەندان كەسی شاری ماتسومۆتۆدا و حەوت كەس كوژران. تۆمەتی بازرگانیكردن بە دەرمانی

ئەتۆمییەکەی سۆڤێتی پێشوو, لە رێگای بازاڕی رەشەوە بگاتە دەستی تیرۆریستان. دواجار لە ئاستی نێوەندی چەکسازیدا, جیهان بەسەر شەپۆلی ئەو شتانەوە دێت و دەچێت, کە کەوتونەتە بەردەستی تیرۆریستان, لەوانە تەقینەوەی پلاستیکی, ئامێری دژە فڕۆکەی یەکجار ورد و نیشانشکێن (سام).

زیادبوونی هێرشە خۆکوژییەکان بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کوشندەیی تیرۆریزم. هێرشی خۆکوژی لە کردەوە تیرۆریستییەکانی تر جودایە, چونکە مەرگی خودی ئەنجامدەری هێرشەکە یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی هێرشەکە. بۆیە بۆمبتەقێنەرە خۆکوژەکان, کەسانێکی زۆر خۆبەختکەرو ئامادەن, بەوپەڕی سۆزو هەستیانەوە خۆیان تەرخان کردووە بۆ کارەکەو خۆبەخۆ بە شێوەیەکی خۆبەخشانەو

---

قەدەغەکراو و چەندان تاوانی تر دراوەتە پالی گروپەکە. سەرەنجام ئاساهاراو چەند ئەندامێکی بەرزی گروپەکە دەستگیر کران و تۆمەتی کوشتن درایە پالْیان. لە سالْی ١٩٩٦ دا ئۆم شینریکیۆ بە رەسمی نەماو هەلْوەشایەوە. حکومەتی یابانیش بۆ ئەوەی رێگە لە دروستبوونی گروپی تری هاوشێوە بگرێت, چەند یاسایەکی نوێی دانا بۆ رێکخستنی چالاکییەکانی گروپە ئاینییەکان.

## تیرۆریزم

به پێی قەناعەتی خۆیان ژیانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان.

شەپۆلێکی هێرشی خۆکوژیی له ساڵی ١٩٨١ ەوە له بێروت, لوبنان دەستی پێکردووە, گروپێك به ناوی دەعوەوە ئوتومبیلێکی بۆمبرێژکراوی بەکارهێنا بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی عیراقی. دەعوە (واته بانگەواز بۆ جەنگی پیرۆز, رێکخراوێکی تیرۆریستەو له شیعه موسوڵمانەکان پێکهاتووە, واته ئەو عیراقییانەی ئێران پەنای داوون. ئەو موسوڵمانانەی سەر به لقی شیعەن, کەمینەیەکیان له عیراقن و زۆرینەیان له ئێرانن). هێرشەکەی بێروت ٦١ کەسی کوشت و زیاتر له سەد کەسی تریشی بریندار کرد. له ساڵی ١٩٨٣دا, ئوتومبیلێکی پڕ له تەقەمەنی خۆی کوتایه ناو باڵۆزخانەی ئەمریکی له بێروت, ٤٩ کەسی کوشت و ١٢٠ کەسی تری بریندار کرد. دواتر هەر لەو ساڵەدا هێرشێکی خۆکوژییانه کرایه سەر, بنکەی دەریایی ئەمریکا له بێروت, ٢٤١ کەسی کوشت. گروپێك خۆی ناونابوو جیهادی ئیسلامی, بەرپرسیارێتی ئەو هێرشەی گرته ئەستۆی خۆی. له ساڵی ١٩٩٦ دا, هێرشێکی خۆکوژییانەی تر بۆ سەر سێنتەرێکی جولەکه له بۆینس ئایرێس, ئەرجەنتین و ٩٦ کەسی کوشت . له ساڵی ١٩٩٨یشدا, قاعیده هێرشێکی خۆکوژییانەی کرده سەر باڵیۆزی ئەمریکا له کینیاو تانزانیا, بووە هۆی مردنی

٣٠٠ کەس. لە ساڵی ٢٠٠٠دا, هێرشی کردە کەشتیگەلی جەنگیی ئەمریکا, کە ناوی کۆل بوو, بووە هۆی کوژرانی ١٩ کەس, هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ دا, هێرشی کردە سەر سێنتەری بازرگانی جیهانی پێنتاگۆن و بووە هۆی کوژرانی ٣٠٠٠کەس. زۆربەی ئەو هێرشانەی لە لایەنی رێکخراوە فەلەستینییەکانەوە ئەنجامدراون, لە نمونەی حەماس و جیهادی ئیسلامی, لە ئیسرائیل, ئەو گروپە تیرۆریستانە کردەوەی خۆکوژییان ئەنجامداوە. وەلێ رێکخراوە تیرۆریستە غەیرە موسوڵمانەکانیش ئەم جۆرە تەکتیکەیان بەکارهێناوە, بە جودایخوازەکانی تامیل لە سریلانکاو هیندستانیشەوە, جودابیخوازە کوردەکانیش لە تورکیا کاری تیرۆریستانەیان کردووە. ئەم جودایخوازانە سەر بە کەمینەی ئەتنین و داوای جیاکردنەوەی وڵاتی خۆیان دەکەن.

تیرۆریستانی ئیمرۆ کەمتر پێویستییان بە پرشوپاگەندە هەیە بۆ ئەو هێرشانە هەیە کە کردوویانە, ئەمەش راستییەکە کە رادەی کوشندەیی تیرۆریزمی بەرز کردۆتەوە. گروپە تیرۆریستە کۆنینەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو, بە پێچەوانەی راسیستە تیرۆریستەکانی ئەمرۆوە, نەك هەر بەیاننامەی راگەیاندنی کارە تیرۆریستییەکانیان بڵاودەکردەوە, بەڵکو دوای ئەنجامدانی هێرشێکی کاولکاری کوشندە, دەکەوتنە

## تیرۆریزم

شانازییکردنیش. دیاردەی کەمبوونەوەی ڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتی توندوتیژییەکان, مانای ئەوەیە کە لای هەندێك لە تیرۆریستان توندو تیژی ئامانجەو لای هەندێکی تریان ئامانج نیە, بەڵکو بەکاردەهێنرێت بۆ ئامانجێکی تر. بە واتایەکی تر, دەشێت ئیمرۆ تیرۆریستەکان توندوتیژی وەکو سزادان, یان تۆڵەکردنەوە بەکاربهێنن, نەك وەکو هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکارییەکی سیاسی. بۆیە کارو کردەوەی ئەوان پێویستی بە ڕوونکردنەوەو پاساودان نیە لە دەرەوەی گروپەکە یان لە ناو پشتیوانەکانیدا.

بروس هۆفمان

## خەسڵەتەکانی هێرشی تیرۆریستان

### نەخشەدانان و ڕێکخستن

تیرۆریستان یەك خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە: هەرگیز بە شێوەیەکی بێسەرەوبەرە یان گێلانە کردەوەکانیان ئەنجام نادەن. تیرۆریست دەیەوێت هێرشەکەی ئەوپەڕی جەماوەرێتی بەدەست بهێنێت, میدیاش یاریدەی بڵاوبوونەوەی ئەو ترس و تۆقینە دەدات کە تیرۆریزم پێویستی پێیەتی.

بەمپێیە, کردەوە تیرۆریستییەکان بە وریایی نەخشەیان بۆ دەکێشرێت. تیرۆریستێکی دەستگیرکراو لە میانەی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە کینیادا, دانی بەوەدا نا کە قاعیدە نزیکەی پێنج ساڵ خەریکی دارشتنی نەخشەی هێرشەکە بووە.

چەندان توخمی بنەڕەتی بەشداریی دەکەن لە دارشتنی پیلانی هێرشی تیرۆریستیدا. کۆکردنەوەی زانیاریی ورد دەربارەی نێچیرەکە و پاشان نەخشەی جێبەجێکردنی هێرشەکە: شێواز و چۆنێتی بەرگری و داکۆکی نێچیرەکە, خاڵە لاوازەکانی, شێوازەکانی چالاکی رۆژانەی. لە هەمان کاتیشدا, پسپۆڕە لۆجستییەکان چێکی ئەوە دەکەن کە هەموو تەدارەك و ئامادەکارییەکان بە

## تیرۆریزم

ڕێکوپێکی کراون. تەدارەکەکان دابینکردنی چەك و هۆکارەکانی پەیوەندی پێویست بۆ کارەکەش دەگرێتەوە, ئامادەکاریی بۆ دابینکردنی جێگای ئەمین و دوورە دەستو هاتوچۆی سەلامەت بۆ تیمی کارە تیرۆریستییەکە, نەخشەی ڕێگاکانی هەڵاتن و دەربازبوون. زۆرجار پسپۆڕێکی بۆمب تەقاندن, یان هەر چەکێکی تر لە قۆناغەکانی کۆتایی کارەکەدا دەکەوێتە گەڕ. دواجار, دوای ئەوەی هەموو ئامادەکارییەکان تەواو بون, ئیتر ئەرکەکە دەسپێردرێت بەو تیمەی دیاریکراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی. بۆ دابینکردنی سەلامەتییەکی زیاتریش, هەر قۆناغێکی کارەکە بە تیمێك دەسپێردرێت کە تیمەکانی تر نایناسن, هەر لە نەخشە دانانەوە بۆ لۆجستیك و تا دەگاتە دەستوەشاندن و هەڵاتن.

گروپە تیرۆریستەکان, خەسڵەتێکی هاوبەشی تریشیان هەیە: دیزە بە دەرخۆنە کردنی شێوازی هەڵسوڕان و چالاکبوونیان. تیرۆریزم ژێر بە ژێر کاردەکات, خۆی لە چاوی دەسەڵاتدارن دەدزێتەوە, ناهێڵێت زانیاری شاراوە بگاتە دەستی جەماوەر. تیرۆریستان بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆیان بپارێزن, دابەش دەبن بۆ چەند خانەیەکی ڕێکخراو, هەر یەکەیان بە جیا لە خانەکانی تر کار دەکات, بەڵام هەموویان بە شێوەیەکی هارمۆنی پێکەوە کاردەکەن. دەشێت خانەیەکی تیرۆریست زۆر بچووك بێتو دوو یان

**بروس هۆفمان**

سێ کەس بگرێتەوە, کە تەنیا یەك کەسیان شتێك دەربارەی خانەکانی تر دەزانێت. کاتێك دەسەلاتداران ئەندامی خانەیەك دەستگیر دەکەن, دەتوانن تەنها دەربارەی ئەو خانەیە زانیاریی لێ دەربکێشن "یان ئەو پەڕەکەی دەربارەی خانەیەکی دیکە کە پەیوەندیی بە خانەکەی ئەوانەوە هەیە" نەك دەربارەی هەموو ڕێکخراوەکە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە تیرۆریستان بونیادی ڕێکخستنی خانە زنجیرەییەکان پەسەند دەکەن. بونیادەکە بە شێوەیەکی هەرەمی هەڵدەکشێت تا لە لوتکەدا دەگاتە سەرکردایەتی، ئەمانیش چەند کەسێکی کەم دەتوانن بگەنە لایان.

## قوربانییەکانی تیرۆریزم

زۆرجار تیرۆریستان هاولاَتیانی بێتاوان دەکەن بە نێچیر بۆ ئەوەی کەش و هەوای ترس و تۆقین و نائارامیی بلاَو بکەنەوە. هەندێك لە تیرۆریستان بە وردی بیر لەوە دەکەنەوە هێرشەکانیان دژی ژمارەی فراوانی خەلَکی ئاسایی بخەنە گەڕ, ئەو خەلَکە ساویلکانەی لە کات و شوێنی نالەباردا بوونیان هەیە.

هەندێك تیرۆریست, بە وردی نیشانەکانی خۆیان لە نێوانی دیپلۆمات و جێگا دیپلۆماسییەکاندا هەلَدەبژێرن, وەك بالَیۆزخانەکان و کۆنوسولَگەکان, کەسە سەربازییەکان و بنکە سەربازییەکان, پیاوانی کارگوزار و کۆمپانیا هاوبەشەکان, لەگەلَ ئوتومبیلەکانی گوێزانەوە و هاتوچۆدا, وەك هێلَە ئاسمانییەکانو فڕۆکەخانەکان, شەمەندەفەرو وێستگەکانی شەمەندەفەر, پاس و تێرمینالَەکانو ڕێگا دەرەکییەکان. هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بیناو بالَەخانەکان یاخود نیشانە کەمبایەخەکانی تر خزمەتی مەبەستێکی ڕەمزییانە دەکات: هەولَ دەدەن سەرنج رابکێشن بۆ ڕێکخراوەکەی تیرۆریستەکان و مەبەستەکانیان, زیاتر لەوەی مەبەستیان لە وێرانکاریی و

**بروس هۆفمان**

کوشتن و بریندارکردنی خەڵك بێت, گەرچی لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار کوشتن و وێرانکاریی هەر لێ بەرهەم دێت.

لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان دەگۆڕێت, بەڵام یەکێك لە سیماکانی تیرۆریزمی جیهانی, هەر بە نەگۆڕی ماوەتەوە؛ ئەمریکا دیارترین ئامانجی بووە. لە ساڵی ١٩٦٨ بە دواوە, ساڵانە ئەمریکا لیستی ئەو وڵاتانەی ئامادە کردووە کە تیرۆیستان پەلاماری دانیشتوان و موڵك وماڵەکانیانیان داوە. دەشێت لە پاڵ فاکتەری ئەوەی ئەمریکا زلهێزێك و سەرکردەیەکی جیهانی ئازاد، چەند فاکتەرێکی تریش بۆ ئەم دیاردەیە ببژێرین. ئەوانیش بریتین لە بەرینی جوگرافی و فرەچەشنی و فرەیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی سنورەکانی خۆی, ژمارەی ئەو ئەمریکاییانەی سەفەری دەرەوەی وڵات دەکەن یان لە دەرەوە کاردەکەن, هەروەها سوپای ئەمریکا لە بنکە پەرت و بڵاوەکانی جیهاندا.

## چەکەکانی تیرۆریزم

به شێوەیەکی مێژوویی بۆمبنانەوە باوترین تاکتیکی دەستی تیرۆریستانە, ئەوان زۆرجار پشتیان بە بۆمب بەستووە, چونکە سەرەنجامێکی دراماتیکییانەی لێدەکەوێتەوە, هەروەها تا رادەیەکیش دانانەوەی ئاسانەو مەترسی بۆ خۆیان کەم تێدایە, هۆکارێکی باشیشە بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵك بەرەو ئامانجەکانی تیرۆریستان. تەنها شارەزاییەکی کەم بەسە بۆ نانەوەی بۆمبێك لە جێگایەکی شاراوەدا, جگە لەوەش کاتێك بۆمبەکە دەتەقێتەوە, بکەرەکەی چەندان کیلۆمەتر دوور کەوتۆتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دانانەوەی بۆمب پێویستی نەخشەکێشان و زانیارییەکی زۆر نیە, وەك ئەوەی کارە جوان و تۆکمە نەخشە بۆ کێشراوەکانی تر پێویستیان پێیەتی, وەك فڕاندن, کوشتن, هێرشکردنە سەر نیشانیکی قایم و عاسی باش پارێزراو.

مایەی سەرسوڕمان نیە, کە دووبارە بوونەوەی شیوازە جیاجیاکانی هێرشی تیرۆریستانە پێوەستە بەو ئاڵۆزی یان وردی و کارامەییەوە کە بۆ ئەنجامدانی کارەکە پێویستە. هێرشی چەکدارانەش دووهەمین تاکتیکی باوی

تیرۆریستانە, پاشان کردەوەی ئاڵۆزتر دێت وەك کوشتنی سەرۆکی وڵات یان کەسێکی تر کە بە باشی پاسەوانی لێدەکرێت, یاخود فڕاندن, گرتنی بارمتە, فڕاندنی فڕۆکەو شتی تر.

## بۆمب

دەشێت لە رووی بازرگانییەوە بۆمب بریتی بێت لە مادەی تەقینەوەی وەك تۆزی رەش TNT , یان دینامێت, یاخود کەل و پەلی سەربازیی وەك مادەی تەقینەوەی پلاستیکی, یاخود کەل و پەلی بازرگانی بێت و گۆڕرابێت بۆ تەقینەوە, وەك نیتراتی ئامۆنیوۆم کە تێکەڵاوی دیزڵ کرابێت. دەشێت بۆمبەکان مادەی تەقێنەرەوە بن یان سوتێنەر بن (بەجۆرێکی وەها دروست کرابن ئاگر بخەنەوە. کاریگەرترین جۆری بۆمب ئەوەیانە کە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو دەتەقێتەوە. بۆمب بە گەلێك شێواز دەتەقێنرێتەوە. هەندێکیان مێقات دەکرێن و سەعاتی دەستی یان سەعاتی بچووك, یاخود کاتپێوێکی تری بۆ دادەنرێت. هەیانە بە کۆنترۆڵ لە دوورەوە دەتەقێنرێت, کە شەپۆلی رادیۆیی یان هەر نیشانەیەکی تری ئەلکترۆنی بەکار دەهێنێت. لە هەندێکی تریاندا دوگمەیەك هەیە کە بە پەستان خستنە سەر یان راکێشان دەتەقێتەوە.

## چەکی ئاگرین

زۆربەی تیرۆریستان چەکی ئاگرینیان بە لاوە پەسەندە, جۆرەها چەکی وەکو رەشاشی هێرشکردن, تفەنگی ئۆتۆماتیکی, دەمانچە, چەکی راو, قەناسەی نیشانشکێن, بە تایبەتی بۆ تیرۆرکردن. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠ەکاندا, تیرۆریستەکان زیاترو زیاتر چەکی رۆکێت و نارنجۆك تەقێن و جۆرەها چەکی تریان لە هێرشەکانیاندا بەکارهێناوە. ئەو چەکانە, شێوازی زۆر پێشکەوتووی چەکی بازۆکای دژە تانکن کە لە جەنگی جیهانی دووهەمدا بەکارهێنراوە (١٩٣٩-١٩٤٥) کە دەتوانێت دیواری چیمەنتۆ بسمێت و قەڵغانی ئاسنی پارێزەری ئەو ئوتومبیلانە کون بکات کە هێزەکانی پۆلیس و سوپا بەکاریان دەهێنن. چەکێکی تری دەستی تیرۆریستان جۆرە نارنجۆکێکە کە خۆیان دروستی دەکەنو هاوتای بۆمبی مۆلۆتۆڤە, بریتیە لە شوشەی پڕکراو لە گازۆلین و فتیلەیەك خراوەتە ناوی, پێش ئەوەی بیگرنە نیشانەکە, ئاگری پێوە دەنێن.

## چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی

لە دوای هێرشەکەی ساڵی ١٩٩٥ بۆ سەر تۆکیۆ کە بە گازی سارین کرابوو, هەروەها دۆزینەوەی کەلوی ئەنسراکس لە ناو پۆست و نامەدا لە ئەمریکا, ئیتر

## بروس هۆفمان

تیرۆریستان بایەخێکی تایبەتییان داوە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی. چەکە کیمیاوییەکان پێکهاتوون لە تێکەڵەیەکی مادە کیمیاوییە ژاراوییەکان, لە نمونەی گازی دەمار یان دایۆکسین, بەڵام چەکە بایۆلۆژییەکان بریتین لە بونەوەری زیندوو یان کەلوەکانیان, لە نمونەی کەلوی ئەنسراکس.

دەشێت چەکە کیمیاوییەکان بکرێن بە پێنج پۆلی سەرەکییەوە: بێهێزکەر, خنکێنەر, سوتێنەر, خوێنپیسکەر, ئیفلیج کەر. لەناو ئەو چەکانەدا, تەنها بێهێزکەرەکەیان کوشندە نیە, گازی فرمێسکرێژین و رژاندنی هارڕاوەی بیبەری توون, کە بە شێوەیەکی تایبەتی پۆلیس و پارێزەرانی دیکەی یاسا دژی ئاپۆرای خەڵك یاخود بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسێك بۆ ماوەیەکی کاتی بەکاریان دەهێنن. مادە خنکێنەرەکان کار دەکەنە سەر کۆئەندامی هەناسەو پەکی دەخەن و دەبنە هۆی خنکان و مردن. مادە سوتێنەرەکان بەر هەر بەشێکی جەستە بکەون، کاری تێدەکەن و بە ئاسانی چاك نابنەوە، تووشی سووتان و هەوکردنێکی زۆری دەکەن. مادە خوێنپیسکەرەکان لە رێگەی هەناسەوە دەچنە ناو لەشەوەو دەگەنە ناو خوێن و دەبنە هۆی پێچخواردن و نارەحەتی هەناسەدان و پەکخستنی وەزیفەکانی جەستەو سەرەنجامیش مردن. بە شێوەیەکی تایبەتی گازی دەمار

### تیرۆریزم

زۆر کاریگەرە. هەم لە ڕێگەی پێستەوەو هەم لە ڕێگەی هەناسەوە دەگاتە لەش و زۆری پێناچێت کۆئەندامی دەمار لەکار دەخات و هەناسەدان رادەوەستێنێت.

مادە بایۆلۆژییەکان میکرۆبی نەخۆشین, لە ڕێگای هەڵمژینەوە, یان لە ڕێگای خۆراك یان ئاوەوە کار دەکەنە سەر خەڵك, یاخود کاتێك بەر پێست دەکەون, پڕن لە کەلوی بەکتریا, لە نمونەی ئەنسراکس, کلۆستریدیۆم بۆتولینۆم, سالمۆنێلا, ڤایرۆسی وەك تۆلاریمیا, پەتای زەرد و کۆلێرا.

## داواکارییەکانی تیرۆریستان

داواکاریی و بیانووەکانی تیرۆریستان هەر لە سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە بەسەر کۆمەڵگایەدا, درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئامانجی تەسکتری بە بارمتەگرتنی خەڵکی بۆ دەسکەوتنی پارە[11], یاخود بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەك کە ئامانجەکانیانی گرتۆتە خۆی. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ کان و ١٩٨٠ کاندا, گروپە مارکسی – لینینییەکانی وەك گروپی بادەر - مینهۆف[12]

---

[11] لە عیراقی دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێندا، کۆمەڵێك گروپ پەیدا بوون، کە بۆسە بۆ هاولاتییان دادەنین و دەیانفڕێنن و سەرەتا سیناریۆیەکی سیاسی رێکدەخەن و پاشان بە برێك پارە کۆتایی بە کێشەکە دێت.

[12] بادەر – مینهۆف Baader-Meinhof Gang ناوی میللی گروپێکی گەریلای سەر باڵی چەپڕەوی ئەڵمانیای خۆراوایە, ناوە ئەسڵییەکەی گروپی سوپای سوورە. لە ساڵی ١٩٦٨ دا چالاك بووەو دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کاری کردووە. دامەزرێنە سەرەکییەکانی ئەم گروپە ئەندرێ بادەر و گودرەن ئێنسلین و ئولریك مێنهۆف بوون. ئەم گروپە بانکی دەربڕی, خەڵکی دەفراند, سەرکردەی سیاسی

## تیرۆریزم

(که دواتر ناونرا گروپی سوپای سوور) له ئەڵمانیای خۆراوا, هەوەها لیوا سوورەکانی ئیتالیاش, هەڵمەتیان ساز دەکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە رەنگی ماکسیزم رەنگ بکەن. گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانیش, ئامانجیان

---

و پیاوانی کارگوزاری تیرۆر دەکرد. له ماوەی حەفتاکاندا چەندین جار هێرشی کردۆتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیای خۆراوا. ئەندامانی ئەم گروپە هاوکاریی تیرۆریستە فەلەستینییەکانیان کردووە, بە تایبەتی لە کوشتنی یاریزانەکانی ئیسرائیلدا لە ئۆلۆمپیادی میونیخدا لە ساڵی ١٩٧٢, هەروەها فراندنی فڕۆکەکەی ساڵی ١٩٧٦. لە ساڵی ١٩٩٠ دا, ئەم گروپە بەرپرسیارێتی خۆی راگەیاند لە کوشتنی دیتێلڤ پۆوێدەری وەکیلی حکومەت کە بەرپرسیار بوو لە فرۆشتنی کۆمپانیاکانی حکومەت بە رژێمی پێشووی ئەڵمانیای خۆرەلات. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧ دا, بادەر, کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی گروپەکەو هەڵسوڕاوێکی خوێندکارییش بوو, سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی بەسەردا درا, لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا, دوای ئەوەی گروپەکەیان سەرکەوتوو نەبوو لە هەوڵەکەی فڕۆکەخانەی مەقەدیشۆی سۆماڵدا بۆ گۆڕینەوەی بارمتەکان, خۆی کوشت.

دامەزراندنی حکومەتێکی تیۆکراسییانەی[١٣] پوخت بووە (حکومەتێك بە پێی ڕێنماییەکانی یەزدان). ئەو گروپانە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن, گروپی ئەبو سەییاف لە فیلیپین, گروپی چەکداری ئیسلامی لە جەزائیر دەگرنەوە. هەندێك گروپی دیکە ئامانجی بچووکتریان هەیە, وەکو دامەزراندنەوەی خاکێکی نەتەوەیی لە ناو وڵاتێکدا, وەکو ئەوەی

[١٣] تیۆکراسی Theocracy لە وشەی theokratia ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، مانای حکومەتی خواوەند دەگەیەنێت, بریتیە لە دەستور یان سیاسەتی وڵاتێك کە تێیدا خواوەند بە فەرمانڕەوای ڕۆحی دادەنرێت، یاساو ڕێساکانیش وەکو فەرمانی یەزدانی لە قەڵەم دەدرێن. واتە تیۆکراسی وڵاتێکە تێیدا کۆنترۆڵی دەوڵەت لە دەستی پیاوانی ئایینندایە. باشترین نمونە بۆ تیۆکراسی سیستمەکەی موسای عیبرییە. دواتریش پیاوی ئاینی ناوداری فەرەنسی جۆن کالڤن و سیاسەتمەداری ئینگلیزی ئۆلیڤەر کرۆموێل هەوڵیانداوە کۆمەڵگای تیۆکراسی دابمەزرێنن. لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا, سیستمی خەلیفایەتی تیۆکراسی بووە. فەرمانڕەوایی خومەینی لە ئێران تازەترین نمونەی دەوڵەتی تیۆکراسییە.

## تیرۆریزم

جوڵانەوەی جوداییخوازی باسك[١٤] لە ئیسپانیا دەیكات, یاخود یەكخستنەوەی وڵاتێكی دابەشكراو, وەك ئەوەی ئێرلەندەییە ناسیونالیستەكانی باكوری ئێرلەندە دەیانەوێت.

---

[١٤] باسك Basque هەرێمێكی ئۆتۆنۆمە لە باكوری ناوەڕاستی ئیسپانیا, لە خۆرهەڵاتەوە هەرێمی ناڤارا, لە خۆراواوە كانتابریا و لە باشورەوە ریۆژا و كاستێل لیۆن دەوریان داوە, لە باكوریشەوە سنوری بە كەنداوی بیسكای و خاكی فەرەنساوەیە. سەرجەمی رووبەری باسك ٧٢٣٤ كم$^{٢}$ دەبێت. دانیشتوانی ناوچەكە لەگەڵ حكومەتی سێنتەریی ئیسپانیادا لە كێشمەكێشدان و بەشی زۆریان داوای جیابوونەوە دەكەن. رەگوریشەی دانیشتوانی ناوچەكە نەزانراوەو زمانەكەشیان ناچێتەوە سەر زمانە ئەسڵییەكانی ناوچەكە.

## کاریگەریی تیرۆریزم

گەرچی زۆرینەی گروپە تیرۆریستەکان نەیانتوانیوە لە ڕێگای تیرۆرەوە ئامانجە ستراتیجییە درێژخایەن و دوورمەوداکانیان بە دی بهێنن, بەڵام تیرۆریزم لە هەندێك دەرفەتدا توانیویەتی هەندێك گۆڕانکاریی سیاسی وەها بهێنێتە ئاراوە، کە لەوانەیە ئەگەر ئەوان نەبوونایە, ئەو گۆڕانکارییانە نەدەکرا. لەوەش زیاتر, گەرچی هەندێجار حکومەت وا پیشان دەدات کە تیرۆریستان هیچیان بۆ نەکراوە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت لەسەر ئاستی تەکتیکی تیرۆریزم سەرکەوتنی کاتی بەدەست هێناوە: توانیویەتی دەسبەسەر کراوان ئازاد بکات, هەندێك ئیمتیازی سیاسییان لە حکومەتە سەرسەختەکانەوە بەدەست هێناوە, یاخود ستەملێکران و ئازاردانێکی ناهەقی خستۆتە روو, کە ئەگەر وا نەبووایە هەرگیز دانی پێدا نەدەنراو ئاشکرا نەدەکرا.

گەورەترین سەرکەوتنی تیرۆریزم لە ماوەی دژە داگیرکاریدا بووە, ڕێك دوای جەنگی دووهەمی جیهان, کاتێك هەردوو ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیاو فەرەنسا لە ئەفریقیا, ئاسیا, خۆرهەڵاتی ناوەڕاست, پووکانەوە. نەمانی

## تیرۆریزم

ئەو دوو ئیمپراتۆرییەتە بووە هۆی سەربەخۆیی وڵاتانێکی جیاجیای وەکو ئیسرائیل, سایپرس, کینیا, جەزائیر.

دواتریش هەندێك لەوانەی بە تیرۆریزم تاوانبار کرابوون, برێك سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بەڵگەکانی سەرکەوتنی تیرۆریستان, زیاتر لە نمونەی وەك جێری ئادام[15] و مارتن ماك گینێس لە ئێرلەندەی باکور و یاسر عەرەفات[16] لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت. ئادام

---

[15] جێری ئادام ( Adams, Gerry (1948- سەرکردەی باڵی سیاسی سوپای کۆماری ئێرلەندا بووە، کە تێکۆشاوە بۆ رزگاریی و سەربەخۆیی ئێرلەندەی باکور. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩٢ دا و پاشان لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە تا ئێستا ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیایە بێلفاستی خۆراوای ئێرلەندەی باکور. وەلێ ئادام هەرگیز ئەو پۆستەی پەسەند نەکردووەو وتویەتی کە دان بە دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیادا نانێت. گەرچی هەندێك گومانیان هەیە لە رادەی کاریگەریی ئادام لەسەر سوپای کۆماریی ئێرلەندە، بەڵام ئەو سیمایەکی دەرکەوتووی کاریگەر بووە لە دانوساندنەکان و کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی لە ئێرلەندەی باکور.

[16] یاسر عەرەفات ( Arafat, Yasir (1929-2004 لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە, سەرۆکی دەسەڵاتە نەتەوەییەکەی

**بروس هۆفمان**

سەرۆکی باڵی سیاسی سوپای کۆماریی ئیرلەندە بوو لە باکوری ئێرلەندە، لەگەڵ ماك گینێسی یاریدەدەریدا،

---

فەلەستین بوو. هەروەها لەساڵی ١٩٦٩ بەدواوە سەرۆکی ڕێکهراوی رزگاریی فەلەستین بووە. لەساڵی ١٩٩٤دا بەهاوبەشی لەگەڵ شیٚمون پێریز و ئیسحاق رابیندا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٥٦دا بڕوانامەی باڵای ئەندازیاریی لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە. لە سەرەتای شەستەکاندا هاوکاریی کردووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی فەتحدا. عەرەفات سێ هەڵوێستی رەسمی خۆی بەرامبەری کورد دەربڕیوە: لە ساڵی ١٩٧٠دا، کاتێك حکومەتی عیراقی و بارزانی پەیمانی ئۆتۆنۆمییان مۆرکرد، عەرەفات رایگەیاند کە ئیسرائیلێکی تریش لە باکوری عیراق دامەزرێنرا. هەروەها کاتێك حکومەتی عیراق هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، لە رادیۆی مۆنتیکارلۆوە، ئێرانی بەو کارە تاوانبار کرد. پاشان لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ی کوردەکانی باشوردا، عەرەفات ئەمریکای بەوە تاوانبار دەکرد کە چێشتخانەیەکی ئاسمانی بۆ کوردەکان، دابین کردووە. عەرەفات دۆستێکی دێرینی رژێمی عیراق و دیکتاتۆرەکەی بوو لە جەنگەکەیدا لەگەڵ ئێران چەند جارێك لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەرکەوتووە و بەدەستی خۆی رۆکێتی زەوی زەوی بەرەو ئێران تەقاندووە. لە داگیرکردنی کوێتدا عەرەفات لایەنی سەدام حوسێنی گرتووە، لە١٣ی ئەیلولی ١٩٩٣دا لەگەڵ شیٚمون پێریزدا پەیماننامەی ئاشتییان مۆرکردووە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٤ دا لە فەرەنسا لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردووەو سەروەت و سامانێکی زۆری لێ جێماوە.

## تیرۆریزم

پێکەوە لە ساڵی ١٩٩٧ دا، هەڵبژادنی پەرلەمانی بەریتانیایان بردەوە. عەرەفاتیش وەك سەرکردەی رێکخراوی سەربەخۆیی فەلەستین، توانی سەرنجی جیهان بەرەو مەسەلەی فەلەستین رابکیشێت. هەریەکە لەو دوو رێکخراوە لە رێگای سەرکەوتنی تاکتیکی و دەسکەوتی سیاسییەوە، سەلماندیان کە چۆن زنجیرەیەك کاری تیرۆریستانە دەتوانێت سەرنجی جیهان رابکێشێت بۆ ئەو زوڵم و ستەمە درێژخایەنەی بەرامبەریان کراوە.

لە هەمان کاتیشدا، لە بەرامبەری هەر سەرکەوتنێکی تیرۆریستاندا، بێشومار هەڵنوتن و نوشوستی هەیە. زۆرینەی گروپە تیرۆریستەکان هەرگیز نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان بێننە دی، نە هی کورتخایەنو نە هی درێژخایەن. ژیانی زۆربەی گروپە تیۆریستەکانی سەدەمی نوێ بەو نوشوستییانە پێوانە دەکرێت. ژیانی نزیکەی ٩٠٪ ی رێکخراوە تیرۆریستەکان بە کەمتر لە ساڵێك لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها نزیکەی نیوەی رێکخراوەکانیان لە ماوەی دەهەیەکدا لە ناو چوون.

تیرۆریزم بۆ ئەوە دامەزراوە کە ئاسایشی تایبەتی نیشان و نێچیرەکانی بخاتە مەترسییەوە. دەتوانرێت رەوشی کۆمەڵایەتی و وڵات لەبەریەك هەڵبوەشێنێت بەوەی کاروبار و ژیانی کەلتوری وێران بکات و ئەو متمانەیە نەهیلێت کە کۆمەڵگا لەسەری دامەزراوە.

نادڵنیایی‌و دڵەڕاوکە بەرامبەی ئەوەی کەی و لە کوێ هێرشی داهاتووی تیرۆریستان ئەنجام دەدرێت, دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ترسێکی گشتی, کە پسپۆڕانی تیرۆر پێی دەڵێن "قوربانییە ناڕاستەوخۆکان". وەڵامدانەوەی میللی بۆ ئەو ترسە بریتیە لە نەچوون بۆ شوێنە گشتییەکان و ناو بازاڕەکان و دوورکەوتنەوە لە رووداوە وەرزشییەکان و هاتوچۆنەکردنی شانۆکان و سینەماکان‌و کۆنسێرتەکان, یان سەفەرو هاتو چۆ نەکەن, نە بۆ دەرەوەی وڵات و نە لەناو وڵاتیشدا[١٧].

وەلێ زۆرجار دیدی میللی لەمەڕ مەترسی شەخسی لەگەڵ رەهەندە بینراوەکانی هەڕەشەی تیرۆیستانەدا وێك نایەنەوە. گەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٠ گەلێجار بووە بە نیشانی تیرۆریستان, بەڵام کەمتر لە ١٠٠٠ ئەمریکی لە لایەنی تیرۆریستانەوە کوژراون, چ لە ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و چ لە دەرەوەی ئەمریکا, لە

[١٧] وەك چۆن لە ئێستای عیراقدا، لە ترسی تیرۆریستەکانی جیهادی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ئەبو مەسعەبی زەرقاوی ئەردەنی نەژاد خەڵکی ناوێرن بە دڵنیایی لە شارێکەوە بچن بۆ شارێکی تر، بە تایبەتی لە ناوەڕاست و باشور، هەروەها خەڵکێکی زۆر دوودڵن لەوەی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بکەن.

## تیرۆریزم

ماوەی ئەو سی و دوو ساڵەدا, بە پێی ئەو ژمارانەی دەزگای دەوڵەت و بیرۆی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئامادەیان کردووە. بەڵام لە هێرشەکەی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا چوار ئەوەندەی ئەو ژمارەیە کوژراوە, بەڵام ئەو راستییە وەك خۆی دەمێنێتەوە کە درك کردن بە هەڕەشەی تیرۆریست زۆر لەوە بەرینتر دەبێتەوە لەوەی مرۆ ببێتە قوربانی دەستی هێرشێکی تیرۆریستییانە. لەگەڵ ئەوەشدا, توانای تیرۆریزم بۆ گەشەپێکردنی هەستێکی ترس و تۆقینی ئاوا سەخت, بریتیە لە پێوەری ئەو کاریگەرییەی لەسەر ژیانمان دایدەنێت.

بە پێی سەرچاوە حکومییەکانی کەنەدا, هێشتا لیستێکی باوەڕپێکراوی روداوی تیرۆرستییانە لە کەنەدا ئامادە نەکراوە. بەڵام ئامارێکی نارەسمی پیشانی دەدات کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە لە ناو کەنەداو دەرەوەیدا بە هۆی تیرۆریزمەوە کوژراون, دەگاتە ٢٩٤ کەس. ئەم ژمارەیە ئەو ٢٧٩ هاوڵاتییە کەنەدییەش دەگرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٥ دا کوژران, ئەویش دوای ئەوەی بۆمبێك لە هێڵی فڕۆکەیەکدا تەقییەوە کە لە مۆنتریاڵی کویبێکەوە بەرەو لەندەن دەفڕی.

# قەلاچۆکردنی تیرۆر

## یاسای قەلاچۆکردنی تیرۆر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا

نزیکەی ٤٥ دەزگاو دامەزراو لە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسن لە رێگرتن لە هەوڵەکانی تۆقاندن, یان ملکەچبوون بۆ تیرۆریستان. ئەوانە دەزگای دەوڵەت, داکۆکی, وزە, داد, تەندروستی و خزمەتگوزاریی مرۆیی, گواستنەوە, کشتوکاڵ, بازرگانی, سامان, ناوخۆ, ئۆفیسی ئاسایشی ناوخۆ, ئیدارەی ئیمێرجینسی فیدراڵی (فیما), دەزگای هەواڵگریی سێنتەریی, بیرۆی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی, بیرۆکانی ئەلکهۆل, توتن, چەکە ئاگرینەکان, پاسەوانانی کەناری دەریا, دەوریەی سنور, خزمەتگوزاریی هیجرەت و ئاساییکردنەوە, دەزگای لێکۆڵینەوەی ناوکی, هەروەها دەزگای پاراستنی ژینگە.

لە ساڵانی ١٩٩٠ ەکاندا, چەندان بەڵگەنامەی دەوڵەتی لە ئەمریکا ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە ئۆفیسی

## تیرۆریزم

لێکۆڵینەوەی فیدراڵ ی[٥٨] وەکو دەزگایەکی پێشەنگ بەرپرسە لە ئیدارەکردنی ئەو قەیرانانەی پەیوەندییان بە تیرۆریزمەوە هەیە. بە واتایەکی تر ئێف بی ئای "بەرپرسە لە پێناسەکردن و ڕێکخستن و پلان دانان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەو تواناکان بۆ نەهێشتن و دەسبەسەراگرتن و پووچەڵکردنەوەی کردەوەکانی تیرۆریزم" هەروەها فیما بەرپرسە لە ئیدارەکدن و دەرەنجامکردن و وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی جەماوەریی, هەروەها وەگەڕخستنەوەی خزمەتگوزارییە بنەڕتییەکانی حکومەت, ئینجا دابینکردنی فریاکەوتنی بە پەلەی

[٥٨] ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی Federal Bureau of Investigation **(FBI)** یەکێکە لە لقەکانی دەزگای داد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا, بریتیە لە بناغەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵییانە لە سەراپای ئەمریکادا. ئەرکی سەرشانی ئەم ئۆفیسە لێکۆڵینەوەو شوێنکەوتنی ئەو سەرپێچییانەیە کە لە یاسای فیدراڵیی دەکرێن: سیخوڕیی, گێرەشێوێنی, چالاکیی تێکدەرانەو شتی تریش دەگرێتەوە, لەوانەی هەڕەشە لە ئاساییشی نەتەوەیی ئەمریکا دەکەن, لە وێنەی تاوانی ڕێکخراو, هێنان و بردنی مادەی بێهۆشکەر, تیرۆریزم, لەگەڵ تاوانەکانی جیاکاریی ڕەگەزو ڕەنگ.

## بروس هۆفمان

حکومەت و کاروبارو ئەو تاکانەی کەوتونەتە بەر کاریگەریی کردەوەیەکی تیرۆریستانە.

یاسای قەلاچۆکردن لە کەنەدا دەزگای ئاسایش و هەوالگری کەنەدا (CSIS) ش بریتیە لە دەزگای حکومەتی کەنەدا، بەرپرسیاری یەکەمە لە مەسەلەی ئاسایش و هەوالگریی وڵات. یەکێك لە ئەرکەکانیشی رووبەروو قەلاچۆکردنی تیرۆرە. لە ساڵی ١٩٨٤ دا, حکومەتی کەنەدا دەزگایەکی سەرپەشتیاری بەسەر ئەو دەسەڵاتە زۆرانەدا دامەزراند کە دراون بە (CSIS) کە پێی دەوترێت کۆمیتەی پێداچوونەوەی ئاسایش و هەوالگری. بەرپرسیارێتی یەکەمی بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ئەو سکاڵایانەی دژی (CSIS) بەرز دەکرێنەوە. ئۆفیسی پارێزەری گشتی سەرپەرشتی ئاسایشی فرۆکەخانە دەکات, پیادەکردنی تەکنەلۆژیا لە لەناوبردنی تیرۆردا گەشە پێبدات, هەروەها هاوکاریی نێوانی کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی تیرۆریزم تۆکمەتر و بەهێزتر بکات. پۆلیسی سوارەی شاهانەی کەنەدا بریتیە لە دەزگای سەپێنەری یاسای نەتەوەیی کە پەیوەندیی بە تاوانە تیرۆریستییەکانەوە هەیە.

## میتۆدەکانی قەلاچۆکردن

لە ساتەوەختی هەڕەشەی راستەقینەی نائاسایی و مەترسیداری تیرۆریزمدا, گەلێك حکومەت دەسەڵاتی تایبەتی دەدەن بە جێبەجێکەرانی یاسا وەك دەسەڵاتی گرتنو دەسبەسەر کردن.

### میتۆدەکانی رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریزم :

زۆرێك لە حکومەتەکان یاساو رێسای تایبەتییان دارِشتووە بۆ ساتەوەختی هەڕەشەی مەترسیدارو نائاسایی تیرۆریستان, دەسەڵاتی نائاساییان بەو یاسایانە بەخشیوە بۆ دەستگیرکردن و دەسبەسەرکردن. ئەو دەسەڵاتانە بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی کاتین و بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوەن یاریدەی حکومەت بدەن لە گرتن و تاوانبارکردنی تیرۆریستاندا و هەڕەشەی توندڕەوان لەسەر کۆمەڵگا کەم بکەنەوە, بەڵام ئەوەندەش خەستیان نەکردۆتەوە کە کار بکاتە سەر مافە مەدەنییەکان و ئازادی مەدەنی. ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانانە, بوونەتە جێگای بایەخدانی گشتی و رەخنەگرتن لە حکومەت, بە تایبەتی کاتێك لەگەڵ پەکخستنی مافە دیموکراسییەکاندا یەکیان گرتۆتەوە و

**بروس هۆفمان**

ماوەی زۆریشی خایاندووە, بە تایبەتی ئاڕاستەکردنی نامەی زۆر و زەوەندو چەندبارەی هاتن و ئاماد ەبوونی خەڵك لەبەردەمی دادگادا. بەریتانیا نمونەیەکی باشە بۆ وڵاتێکی دیموکرات کە ئەو جۆرە یاسایانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار هێناوە. لە ساڵی ١٩٧٣ بە دواوە, بەریتانیا سێ یاسای جیاجیای پەسەند کردووە بۆ سزادانی وەها کە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی یاساوە. ئەو یاسایانەش دەگرنەوە کە تایبەتن بە ئێرلەندەی باکور, یاسای یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٣ دا ئیمزا کرا, یاسای کردەوەی تیرۆریستانە لە ساڵی ١٩٧٥ دا, هەروەها یاسای تیرۆریزم لە ساڵی ٢٠٠٠ دا. بە پێی چەند بنەمایەکی یاساییانە, خراونەتە بەردەمی پەرلەمانی بەریتانی. ئیتر بە شێوازی جیاجیا بوار دەدەن بە گرتنی خەڵك بە بێ مۆڵەتی یاسایی, هەروەها درێژکردنەوەی ماوەی دەسبەسەرکردنی تیرۆریستان بێ ئاڕاستەکردنی تۆمەت دژیان؛ دادگایی کردن لە لایەنی یەك دادوەرەوە نەك دەستەیەك داوەر, دەسەڵاتی گرتن و پشکنی پۆلیسی سنور زیادی کردووە, قەدەغەکردنی میدیا لە گروپە یاساغەکان, هەروەها قەدەغەکردنی راشکاوانەی ئەو رێکخراوانەی نیشانەی وێرانکاریی (هەوڵدان بۆ رووخاندنی حکومەت) یان پێوە دیارە.

## تیرۆری نێودەوڵەتی

بە شێوەیەك لە شێوەكان هاوكاریی نێودەوڵەتی بۆ دژ وەستانەوەی تیرۆر، تۆمارێكی رێك و پێكی نیە. لە سەرەتای ١٩٧٠ كاندا، چەند رێكەوتننامەیەكی دژ بە فڕاندنی فڕۆكە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئیمزاكراوە، یەكێك لەوانە كۆبوونەوەیەكیی فراوان بوو دژی ئەو توندو تیژییە نایاساییانەی بەرامبەری فڕۆكەوانیی مەدەنی دەكرێن. دواتر هەنگاو نرا بۆ بەرینكردنەوەی ئەو رێكەوتننامانە بەرەو سازدانی رێكەوتننامەی گەورەتر دژی تیۆر لە جیهاندا. گرفتی سەرەكی ئەو كۆبوونەوە نێو دەوڵەتییانە رێنەكەوتنێكی گشتگیرانە بوو لەسەر پێناسەیەكی دیاریكراو بۆ تیرۆریزم.

روداوەكانی ئەم دواییە داوای هەوڵی زیاتر دەكەن بۆ هاوكاریی نێوانی حكومەتەكان لە جەنگی دژ بە تیرۆردا. تەنانەت پێش ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ یش، نەتەوە یەكگرتووەكان هەنگاوێكی گرنگی نابوو بۆ سزادانی رژێمی تاڵیبان[١٩] لە ئەفغانستان، چونكە داڵدەی ئوسامە

[١٩] تاڵیبان Taliban بزوتنەوەیەكی ئیسلامی ئوسوڵی ئەفغانستانە، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٤دا لە لایەنی مەلا عومەرەوە، لە شاری قەندەهاری باشوری ئەفغانستاندا، دامەزرێنراوە. وشەی تاڵیبان بە مانای قوتابییان دێت، كە ئاماژەیە بۆ ئەندامانی گروپەكە كە هەموو تەمەنی خۆیان بە

بن لادنی داوە. بڕیاری ژمارە ١٢٦٧ ی نەتەوە یەکگرتووەکان (لە ساڵی ١٩٩٩) دا, هەروەها بڕیاری ژماە ١٣٣٣ لە ساڵی ٢٠٠٠ دا, لەگەڵ بڕیاری ژمارە ١٣٦١ لە ساڵی ٢٠٠١ دا, هەموویان گەمارۆ بەسەر ئەفغانستاندا دەسەپێنن, چونکە بن لادنی خستۆتە سایەی خۆی و نەشیتوانیوە کەمپەکانی مەشقکردنی قاعیدە دابخات. ئەو بڕیارانە نیشانەی وەرچەرخانێکن لە هەڵوێستی نێودەوڵەتیدا بەرامبەری تیرۆریزم, لە پاڵ پەیماندان بە گۆشەگیرکردنی ئەو دەوڵەتانەی پابەندی پێوانە نێودەوڵەتییەکان نابن.

ڕۆژی دوای هێرشکردنە سەر سێنتەری بازرگانی و پێنتاگۆن, ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە ١٣٦٨ ی دەرکرد, کە سەرلەنوێ جەختی کردەوە سەر پەیمانی ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو شێوەکانی هەڕەشە

---

جەنگ و خزمەتی گروپە ئاینییەکەوە سەرف کردووە. تاڵیبان لە کۆتایی ١٩٩٤ەوە بەردەوام لە هەڵپەی وەرگرتنی دەسەڵاتدا بووەو دژایەتی لایەنە ئیسلامیو نائیسلامییەکانی تریشی کردووە, چەند جارێك کابولی پایتەختی داگیرکردووەو لێی سەندراوەتەوە. تا لە کۆتایی نەوەدەکاندا دەستی گرتووە بەسەر بەشی زۆری وڵاتدا. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٢دا دوای ڕوداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر تاڵیبان کە بە هاوکاریی ڕێکخراوی قاعیدەی ئیسلامی فەرمانڕەوایەتی دەکرد, لەسەر تەخت لابرا.

**تیرۆریزم**

بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی, کە تیرۆریستان ئەنجامی دەدەن, جەختی کردە سەر مافی داکۆکی لە خۆ کردنی تاکەکان و گروپەکان بە پێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی تیرۆریزم؛ هەروەها بە راشکاویی و بە زاراوەی خەست و گران, هێرشەکانی ١١ ی سێپتەمبەری مەحکوم کرد. دوای دوو هەفتە بڕیاری ژمارە ١٣٧٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش پەسەند کرا. ئەو بڕیارە داوای قەدەغەکردن و هەڵپەساردنی دارایی تیرۆریستان دەکات لەگەڵ ئەوپەڕی هاوکاریی هەمووان لە گۆڕینەوەی زانیاری پێویستدا لەگەڵ ئەو دەوڵەتە ئەندامانەدا کە پێویستیانە بۆ جەنگی دژە تیرۆر.

## سەرەتاکانی تیرۆریزم

زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر یەکەمینی ئەو کارانە ئەنجام دراون کە ئێستا پێیان دەڵێین کاری تیرۆریستانە, ئەو کارانە لە لایەنی گروپێکی بەجۆش و خرۆشەوە کراون, لە سەدەی یەکەمی زاینیدا گروپێکی جولەکە لە جیودیا چالاك بوون. ئەو جولەکە پڕ جۆشانە بەرەنگاری فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەتی رۆمان بوونەوە, ئەوەی کە ئیمرۆ پێی دەوترێت ئیسرائیل. کردەوەکانیان لە توێی هەڵمەتی رەشەکەژییەوە ئەنجام دەدا. ئەو جەنگاوەرە

بەجۆشانە وشەی سیسایان بەکادەهێنا, کە ناوی خەنجەرێکی دێرین بوو, بۆ هێرشەکانیان لە رۆژی رووناکدا, بە تایبەتی لە قەرەباڵەغی و رۆژانی ئاهەنگگێڕاندا — بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەو شوێنانەدا کە چەندان شایەت بەسەر روداوی توندو تیژییەکەوە دەبوون. بەمە, ئەوانیش وەك تیرۆریستە مۆدێرنەکان, دەیانویست بەو کارە نامەیەك ئاراستەی جەماوەرێکی بەرینتر بکەن؛ دژایەتیکردنی هیزی داگیرکەری رۆمان و ئەو جولەکانەی هاوکارو هاوسۆزی داگیرکەران بوون.

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٠٩٠ و ١٢٧٢ دا, جوڵانەوەیەکی ئیسلامییانە کە بە ناوی خوێنرێژانەوە ناسرابوو, لە خەباتیاندا دژی ئەو مەسیحییە خاچهەلگرانەی خاکێکیان داگیر کردبوو, ئەمڕۆ پێی دەوترێت سوریا, تاکتیکی هاوشێوەیان بەکاردەهێنا. خوێنرێژەکان بیرۆکەی خودکوژی و قوربانیدان بە خودیان پێڕەو دەکرد و خۆیان بە شەهید دادەنا, ئەمەش خەسڵەتی ئاشکرای هەندێك گروپی ئیسلامی ئەمڕۆیە. ئەوانە توندو تیژییان بە شتێکی پیرۆز یان یەزدانییانە لە قەڵەم دەداو پێیان وابوو ئەنجامدەرانی شکۆدارییی دەبەنەوەو دەگەنە بەهەشت.

## لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهان

هەتا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٩٨ —١٧٩٩)، ئاین پاساوی سەرەکی بەکارێنانی تیرۆریزم بوو. لە ساڵانی ١٨٠٠ ەکاندا، لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیونالیزم و پشێویگەرایی[٢٠] و مارکسیزم و جوڵانەوە سیاسییە سێکیولاریستییەکانی تردا، بەربەرەکانێ کردنی فەرمانڕەوایەتی یەزدانییانەی پادشاکان دەستیپێکردو ڕەوشەکە گۆڕا. تیرۆریزمی مۆدێرن لە سەرەتایدا دژ بە پادشایەتی بوو، شۆڕشگێڕە دەستورییەکان لە قۆناغە

---

[٢٠] پشێویگەرایی- ئانارشیزم Anarchism تیورییەکی سیاسییە، دژایەتی هەموو فۆرمەکانی حکومەت دەکات. پشێویگەراکان باوەڕیان وایە ئەوپەڕی ئاواتی مرۆڤایەتی سەربەستی تاکەکانە بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن، بێ ئەوەی هیچ سەرکوتکردنێك یان کۆنترۆڵکردنێك بەرەو ڕوویان ببێتەوە. هەوڵی ئانارشیستەکان بۆ تواندنەوەی شێوازەکانی حوکمەتە، بۆ ئەوەی تاکەکان بە ڕەهایی سەربەست بن. وەلێ لە دیوی فەلسەفییەوە، پییر جۆزیف پرۆدێنی فەرەنسی، بە باوکی ئەو سیستمە دادەنرێت کە پێی دەوترێت ئانارشیزمی فەلسەفی. بە بڕوای ئەو ئەم چەشنە ئانارشیزمە، دەسەلاّت لە کۆمەڵگا وەردەگرێتەوەو، لە جێگەی ئەو تاکایەتی سەرپشك دەکات.

## بروس هۆفمان

درەنگەکانی شۆڕشی فەرەنساداو لە روسیاش ریکخراوی ئیرادەی گەل تیرۆریزمیان بەکار هێنراوە.

لە ماوەی نێوانی ساڵانی ١٨٧٨ و ١٨٨١ دا رێکخراوی ئیرادەی گەل کارا بووە. کردەوە دژە حکومییەکانی ئەو رێکخراوە بوو بە مۆدێل بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانی دواتر. رێکخراوەکە چەند نیشانێکی لە دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات دیاریی دەکرد و هێرشی دەکردە سەریان و وەکو پڕوپاگەندە تیرۆریزمیان بەکاردەهێنا تا دەرسی دەسەڵات دابدەن, هەروەها دەیانویست خەڵکی گشتی لەو نایەکسانێتییە تێبگەیەنن کە دەوڵەت بەسەریاندا سەپاندوویەتی, ئەمەش بۆ ئەوەی پشتیوانی خەڵکی بە دەست بهێنن بۆ شۆڕشکردن. یەکێك لە نێچیرەکانیان خودی فەرمانڕەوا خۆی بوو. لە ئاداری ١٨٨١ دا, ئەندامێکی ئیرادەی گەل تزاری روسیا ئەلەکساندەری دووهەمی کوشت.

کوشتنی ئەلەکساندەری دووهەم, بە شێوەیەکی تایبەتی سروشی بەخشی بە گروپێکی رادیکاڵی تر کە چوار مانگ دوای ئەو وداوە لە لەندەن کۆبوونەوە, واتە لە تەموزی ١٨٨١ دا, بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی چۆن لە سەرانسەری جیهاندا شۆڕش بەرپا بکەن, نەك تەنها لە ناوخۆدا. بیرۆکەی دروستکردنی ئانارشیزمی جیهانی لە سەریاندا بوو, دواتر ئاڵایەکی رەشیان بۆ خۆیان دیاریکرد

و بە ناوی ئینتەرناسیونالی رەشەوە ناسران, ئیتر کەوتنە هاریکاریکردن و پشتیوانیکردنی هەڵمەتێکی تیرۆریستییانەی جیهانی بۆ روخاندنی پادشاکان و حکومەتە هەڵبژێردراوەکانی ناو دەوڵەتە دیموکراسییەکانیش, بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە. لە ماوەی نێوان ساڵی ١٨٨١ و دەهەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا, ئانارشیستەکان سەرۆکی ئەمریکا (ولیەم ماك کینلی), سەرۆکی فەرەنسا و سەرەکوەزیرانی ئیسپانیا, ئمپرێس ئەلیزابیتی پادشای نەمسا و پادشا هومبێرتی یەکەمی ئیتاڵیایان تیرۆر کرد.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئانارشیستەکان تێوەگلێنران و تۆمەتبار کران بە سازدانی گێرەشێوێنیی لەناو کرێکاراندا. هەندێجاریش لە ئەنجامی سەرەڕۆیی ئانارشیستەکاندا, ئەو گێرەشێوێنی و پشێوییانە خوێناویی دەبوون. بەدناوترین روداو ئەوەی مەیدانی کایەکەی شیکاگۆ بوو, بۆمبێك لە ناوەڕاستی خۆپیشاندەراندا تەقییەوە, کە ژمارەیان ٣٠٠٠ کەس لە کرێکاران و پشتیوانیلێکەرانیان دەبوو. ئیتر پشێویی و بێسەرەو بەرەیی دەستی پێکرد, پۆلیس و خۆپیشاندەرە چەکدارەکان یەکتریان دایە بەر دەستڕێژ. حەوت پۆلیس کوژران و لانیکەم ٦٠ ی تریش برینداربوون. بە لایەنی

کەمەوە چوارکەسیش لە خۆپیشاندەران کوژران, بەڵام کەس ژمارەی راستەقینەی کوژراوەکانی نەزانیوە.

چالاکی تیرۆریزم, بە کوشتنی گەورە پیاوان و ماقوڵانیشەوە, لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهاندا تەشەنەی کرد, لە ٢٨ ی حوزەرانی ١٩١٤ دا, لاوێکی سربی بۆسنە کە ناوی گاڤریلۆ پرینسیپ بوو, دەیویست وڵاتەکەی خۆی لە دەستی نەمساوییەکان رزگار بکات، هەستا فرانسیس فێردیناندی ئەرشیدۆقی نەمسایی کوشت, کە بە سەردان چووبوو بۆ سەراییڤۆ لە بۆسنە. ئەو گروپی میلیشا خوێندکارییەی پرینسیپ ئەندام بوو تێیدا, پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو بە دەزگای هەواڵگریی سەربازیی و هێزی سەربازیی سربیاو, ئارکینامیی باڵکانەوە. هەروەك زۆربەی دەوڵەتە هاوچەرخەکان, ئەوانەی پشتیوانیی لە تیرۆریزم دەکەن, سربیاش چەك و مەشقکردن و زانیاریی هەواڵگرییانەو یاریدەی تریشی پێشکەشی چەندان جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی دەرو دراوسێکانی خۆی دەکرد.

تیرۆری حکومەت: لە ساڵانی ١٩٢٠ بە دواوە تا ئەمڕۆ لە ماوەی نێوان بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا تیرۆریزم زیاتر و زیاتر دەستی دایە کردەوەی سەرکوتکەرانەو زیاتریش لە لایەنی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانەوە پیادە دەکرا نەك گروپە نا حکومییە

## تیرۆریزم

توندو تیژەکانی وەکو ئانارشیستەکان. وشەی تیرۆریزم بەکارهێنرا بۆ گوزارشت کردن لە توندوتیژیی هەڵەشە و تۆقاندن، ئەوەی  نازییەکان و فاشیستەکان و رژێمە تۆتالێتالێتارەکان پیادەیان دەکرد, کە یەك لە دوای یەك لە ئەڵمانیا, ئیتالیا و یەکێتی سۆڤێت دەسەڵاتیان گرتبووە دەست. ئەو شێوازە سەرکوتکەرانانەی ئەو رژێمانە خستیانە گەڕ دژی هاوڵاتییەکانیان, فەلاقە کردن و دەسبەسەرکردنی نایاسایی و ئەشکەنجەدان و ئەوەی پێی دەوترا تیمەکانی مەرگ (زۆرجار لە ئاسایشی نهێنی یان ئەفسەرانی پۆلیس ئەنجامیان دەدا) لەگەڵ چەندان شێوازی تری تۆقاندن دەگرێتەوە. ئەم جۆرە کردەوانە لە لایەنی حکومەتەکانەوە دژی هاوڵاتییەکانیان تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

مێژووی نزیکمان ئەو جۆرە کارانەی تۆمار کردووە کە لە دیکتاتۆرە عەسکەرتارەکان وەشاونەتەوە, ئەوانەی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەرجەنتین, شیللی, یۆنان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. بەڵام کردەوە توندو تیژەکانی ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی گشتی بە تیرۆر نێوزەد کراون بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە لەو توندو تیژییانەی لە لایەنی گرووپە نادەوڵەتییەکانەوە ئەنجام دراون. وەك پیشتر تێبینی کرا, وشەی تیرۆریزم بە

**بروس هۆفمان**

شێوەیەکی گشتی تەرخانە بۆ ئەو کردەوانەی گروپەکانی دەرەوەی حکومەتە ئەنجامیان دەدەن.

## تیرۆریزمی دژ بە کۆلۆنیالیزم

دوای جەنگی دووەمی جیهان. تیرۆریزم بای دایەوە بۆ کوشتنکارییەکانی پێشووی. لە ماوەی نێوان ١٩٤٠ و ١٩٥٠کاندا, تیرۆریزم بەکارهێنراوە بۆ گوزارشت کردن لەو توندو تیژییەی نەتەوە پەرستەکان, ڕێکخراوە دژە کۆلۆنیالیستەکان بەکاریانهێناوە, ئەوانەی لە ئاسیا, ئەفریقیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا دژی فەرمانڕەوایی ئەوروپییەکان. وڵاتانی وەکو ئیسرائیل, کینیا, قوبروس و جەزائیر, بۆ نمونە, لە بەشێکی سەربەخۆییەکەیاندا قەرزاری ئەو بزوتنەوە نەتەوەپەرستانەن کە تیرۆریزمیان بەکارهێناوە.

سەرسوڕهێنەرترین ڕوداوی تیرۆریستانەی ماوەی دژ بە کۆلۆنیالیزم، تەقاندنەوەی ئوتێلی شا دەیڤید بوو لە ئۆرشەلیم, لە لایەنی گروپێکی نهێنی جولەکەکانەوە کە بە ناوی ئیرگون زڤای لیومی (ڕێکخراوی سوپای نەتەوەیی) بەوە ناسرابوو. هێرش کرایە سەر ئوتێلەکە چونکە لەو کاتەدا ببوو بە بنکەی سەربازیی سەرەکی بەریتانیاو ئۆفیسی بەڕێوەبردنی فەلەستین لە لایەنی

بەریتانییەکانەوە. ٩١ کەس کوژران و ٤٥ کەسی تریش بریندار بوون؛ پیاوان, ژنان, عەرەب, جولەکە, بەریتانی وەکو یەك. ئەو تەقینەوەیە بە یەکێك لە خوێناویترین رووداوی تیرۆریستانەی سەدەی بیستەم دادەنرێت. سەرکردەی ئەو کاتەی ئیرگۆن مێناحێم بیگن بوو, کە دواتر لە ساڵی ١٩٧٨ دا بوو بە سەرەکوەزیرانی ئیسرائیل و خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە.

لە ناو دەوڵەتە تازە سەربەخۆ بووەکاندا, بە تەنها هەر بیگن لەناو تیرۆریستانەوە بەرز نەبۆتەوە بۆ بەرزترین ئاستی دەسەڵات. هی تریش هەن وەك سەرکۆماری کینیا جومۆ کینیاتا, سەرۆکی ئەیقەفەکانی سایپرس ماکاریۆس, هەروەها ئەحمەد بن بێلای سەرۆکی جەزائیریش.

## کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان

لە ماوەی نێوانی کۆتایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا, تیرۆریزم پاڵنەری ئایدۆلۆژیی زیاتری بەدەست هێنا, کەمینە جیاجیا سەرکوتکراوەکان یان ناسیونالیستە دوورخراوەکان بەرەو تاراوگە لە نمونەی رێکخراوی رزگاریی فەلەستین, ئەوانیش هانایان برد بۆ تیرۆریزم بۆ راکێشانی سەرنج بەرەو کێشەکانیان و بە

## بروس هۆفمان

دەستێنانی پشتیوانی  نێودەوڵەتییانە بۆ مەسەلەکانیان. رێکخراوی رزگاری فەلەستین هەوڵی دەدا لە سەر ئەو خاکەی لە رووی مێژووییەوە پێی دەوترێت فەلەستین دەوڵەتێك دابمەزرێنێت: ئەو خاکەی کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا بوو بە ئیسرائیل و,پاشان دوای جەنگی شەش رۆژەی ساڵی ١٩٦٧, ئیسرائیل  بەرەی خۆراوا کەرتی غەزەشی داگیر کرد. گروپێکی فەلەستینی پێکهات, کە لە راستیدا بەرپرس بوو لەو روداوەی بووە هۆی دەسپێکردنی ماوەی ئیستای تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. لە رۆژی ٢٢ ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ دا سێ کەسی فەلەستینی چەکدار کە سەر بە بەرەی ناسراوی رزگاریی فەلەستین بوون, فرۆکەیەکی E1 A1 ی بازرگانی ئیسرائیلیان فڕاند کە لە رۆمای ئیتالیاوە بەرەو تەل ئەڤیڤی ئیسرائیل دەفڕی. گەرچی پێشتریش فرۆکەی بازرگانی فرێندرابوون, بەڵام ئەوە یەکەمین فڕاندنی سیاسییانە بوو. کارەکە بۆ ئەوە بوو قەیرانێکی نێودەوڵەتییانە ساز بکرێت و لە جیهاندا دەنگ بداتەوە.

دوو ساڵ دواتر, بەرەی رزگاریخوازی فەلەستین روداوێکی نێودەوڵەتییانەی گەورەتری قەوماند, سێ فرۆکەی بازرگانی فڕاند — دوو ئەمریکیی و یەکێکی سویسری — بەڵام هەوڵی چوارەم بۆ فڕاندنی فرۆکەیەکی بەریتانی سەری نەگرت و پووچەڵکرایەوە. فرۆکەکان

بران بۆ ناوچەیەکی چۆڵەوانی و دووره دەست لە ئەردەن و دوای ئەوەی نەفەرەکان دابەزێنران, تەقێنرانەوە, کامێرای تەلەفیزیۆنیش بە شێوەیەکی بەربڵاو رووداوەکەیان بە جیهاندا پەخش کرد و جەماوەرێکی زۆر بینییان.

کوشتنی ١١ یاریزانی ئیسرائیلی لە ئۆڵۆمپیادی ساڵی ١٩٧٢ دا, دیارترین نمونەیە بۆ توانای تیرۆریستان لە راکێشانی سەرنجی جیهاندا بەرەو خۆیان. لە میونیخی ئەڵمانیا, لە کاتی خولی هاوینەی ئۆڵۆمپیاددا, ئەندامانی گروپێکی فەلەستینی کە پێی دەوترا تشرینی رەش یاریزانە ئیسرائیلییەکانیان فڕاند. جەماوەرێکی جیهانی کە خۆیان ئامادە کردبوو سەیری یارییە ئۆڵۆمپییەکان بکەن, لە پڕێکدا خۆیان بینییەوە شایەتی کردەوەیەکی تۆقێنەری بارمتەگرتنن کە کۆتاییەکەی بەوە هات بەرپرسانی ئەڵمانیا هەوڵی رزگارکردنیان بدەن و سەرەنجام هێرشکەران و بە بارمتەگیراوەکانیش کوژران.

رێکخراوی رزگاریی فەلەستین زۆر چالاکانە ئەو پروپاگەندەو قسەڵۆکانەی بەکارهێنا کە لە کردەوەی گرتنی بارمتەکانی میونیخەوە کەوتەوە. لە ساڵی ١٩٧٤ دا یاسر عەرەفاتی سەرۆکی رێکخراوی رزگاریی فەلەستین بانگهێشت کرا تا لە ئەنجومەنی گشتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وتار بدات, ئیتر سەرەنجام نەتەوە

یەكگرتووەكان گەرەنتی ئەوەی دا بە ڕێكخراوی رزگاریی فەلەستین كە پایەی چاودێری تایبەتی پیێ بدات. ئیتر لە ماوەی دەهەیەكدا, ڕێكخراوی رزگاریی فەلەستین وەك قەوارەیەكی تایبەتی كە نەدرابووە پاڵی هیچ دەوڵەتێك, لە ئیسرائیل زیاتر پەیوەندی دیپلۆماسییانەی رەسمی بە دەوڵەتەكانەوە هەبوو, واتە پەیوەندی بە (٨٦) دەوڵەتەوە هەبوو, لە كاتێكدا كە ئیسرائیل پەیوەندی لەگەڵ (٧٢) دەوڵەتدا گرتبوو, گەرچی دەوڵەتێكی دامەزراویش بوو. ڕێكخراوی رزگاریی فەلەستین نەیدەتوانی ئەو هەموو سەرنجە بەرەو خۆی كێش بكات, ئەگەر سودی لەو هەرایە وەرنەگرتایە كە لەسەر هەراو بەزمی تیرۆریستی جیهانی بەرپا كراو رۆشنایی خستە سەر نەهامەتییەكانی فەلەستینییەكان لە كەمپی ئاوارەكاندا.

لە ماوەی بوژانەوەی هۆشیاریی رەچەڵەكی و نەتەوەییدا لە سەرانسەری جیهاندا, چەند گروپێكی نەتەوەیی تر دەستیان كرد بە لاساییكردنەوەی نمونە فەلەستینییەكە بۆ زیادكردنی داننان بە سكاڵاكانیاندا. بۆ نمونە لە كەنەدا, ژمارەیەك لە جودایخوازە كەنەدایی - فەرەنسییەكان, لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٧٠ دا, جەیمس كرۆسی بەرپسی بازرگانیی بەریتانیا لە كیوبیك و پییر لاپۆرتی وەزیری كاری كیوبیكیان فڕاند. ئەو گروپە خۆی ناونابوو بەرەی زگاریی كیوبیك. گەرچی

کرۆس بی ئەوەی ئازار بدرێت ئازاد کرا, بەڵام پییر لاپۆرت زۆر درندانە کوژرا. پییر ترۆدی سەرەکوەزیرانی کەنەدا لە ترسی تەشەنەکردنی ترس و تۆقین یاسای دەنگی لە وڵاتدا راگەیاندو هەموو ئازادییە مەدەنییەکانی هەڵپەسارد و دەسەڵاتی نائاسایی دا بە سوپا بۆ دابینکردنی ئاسایش و ریشەکێشکردنی بەرەی رزگاریی کیوبیك.

هەروا لە ماوەی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا, چەندا توندڕەوی سیاسی دەستیان کرد بە دروستکرنی گروپی تیرۆریستانە بۆ دژوەستانەوەی داگیرکارییەکەی ئەمریکا لە ڤێتنام, رایان گەیاند کە دژی ستەمکاریی کۆمەڵایەتی و ئابوریی دەوڵەتی مۆدێرنی سەرمایەداریی لیبراڵ دیموکراتن. ئەو توندڕەوانە بە زۆریی لە رێکخراوە خوێندکارییە رادیکاڵەکان و جوڵانەوە چەپڕەوەکانەوە هاتبوون کە لە ئەمریکای لاتین, ئەوروپای خۆراوا و ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکادا چالاك بوون. گروپە تیرۆریستەکانی وەك بادار - مینیهۆف لە ئەڵمانیا و لیوای سوور لە ئیتالیا, لە کەمپەکانی فەلەستین لە خۆرەڵاتی ناوەڕاست مەشقیان پێکرابوو. نێودارترین کردەوەی بادار - مینهۆف فڕاندن و کوشتنی هانز مارتن سکلێر بوو لەساڵی ١٩٧٧ دا, کە پیاوێکی دەوڵەمەندی پیشەسازی ئەڵمانی بوو. لیوای

سوریش له ساڵی ١٩٧٨ دا ئەلبۆ مۆرۆ سەرەكوەزیرانی پیشووی ئیتالی فڕاند و كوشتی.

## هەشتاكان و نەوەدەكان

له كۆتایی حەفتاكانی سەدەی رابردوودا, وەكو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو توندو تیژییەی له لایەنی رێكخراوە چەپڕەوەكانەوە پیادە دەكرا, جوڵانەوەی تیرۆریستانەی وەك راستڕەوەكان و فاشیزمی نوێ و نازیزمی نوێ له گەلێك وڵاتی خۆراوای ئەوروپا و ویلایەتە یەكگرتووەكانیشدا سەریان هەڵدا. وەلێ گروپە راستڕەوەكان هەم ژمارەیان كەم بوو, هەم پشتیوانیی جەماوەریشیان كز بوو له چاو ئەوەدا كە چەپڕەوەكان هەیانبوو. بۆیە توندو تیژییەكانی ئەو گروپە راستڕەوانە — گەرچی هەندێجار زۆر كوشندەش بووە — بە زۆریی خێراو كەمخایەن بووە. گرنگترین سێ رووداو كە پەیوەندییان بە تیرۆریستە راستڕەوەكانەوە هەبێت, له بلۆگۆنای ئیتالیا, میونیخی ئەڵمانیا, ئۆكلاهۆمای ئەمریكا روویاندا. له بۆمبهاویشتنی ئاپۆرایەك له وێستگەی شەمەندەفەردا له ساڵی ١٩٨٠دا, ٨٤ كەس كوژراو ١٨٠ كەسی تر بریندار بوون. رۆژی بۆمبهاویشتنەكە هاوكاتی دەسپێكردنی دادگاییكردنێك بوو له بۆلۆگۆنا, هی ئەو

## تیرۆریزم

ڕاستڕەوانەی تۆمەتبار کرابوون بە بۆمبهاویشتن لە ساڵی ١٩٧٦ دا. دیسانەوە لە ساڵی ١٩٨٠ دا, لە لایەنی ژمارەیە فاشیستی نوێوە, لە فیستیڤاڵی ئۆکتۆبێرفێستی میونیخ بۆمبێك دانرایەوەو تەقینەوەی بووە هۆی کوشتنی ١٤ کەس و بریندارکردنی ٢١٥ کەسی تر. لە ساڵی ١٩٩٥ دا, لە شاری ئۆکلاهۆما, ئەلفرێد پی. مورای ئەندامی جوڵانەوەی سەروەریی سپی پێستەکان, ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراوی لەبەردەمی بینای فیدراڵی ئۆکلاهۆمادا تەقاندەوەو ژیانی ١٦٨ کەسی دوورییەوە.

لەماوەی هەشتاکاندا, دوو پەرەسەندنی زۆر گرنگ لە تیرۆریزمی جیهانیدا ڕوویاندا, سەرهەڵدانی تیرۆریزمی پشتیوانیکراو لە لایەنی دەوڵەتەوە, هەروەها بووژانەوەی تیرۆریزمی ئاینی. نمونەی تیرۆریزمی پشتیوانیکراو لە لایەنی دەوڵەتەوە, هەوڵەکەی کوشتنی پاپا جان پۆڵی دووهەمە لە ساڵی ١٨٩١ دا, لە لایەنی هاوڵاتییەکی تورکەوە, کە کاری بۆ دەزگای نهێنی سۆڤێت و بولگاریا دەکرد. ئەوەی تریشیان وتومبیلە بۆمبڕێژکراوەکەی ئێران بوو لە بەردەمی سەفارەتی ئەمریکا و بارەگای مارینزدا لە بێرووتی لوبنان, لە ساڵی ١٩٨٣ دا. هەروەها ڕۆڵی لیبیاش لە تەقاندنەوەی فڕۆکەکەی لۆکەربیدا لە سکۆتلەندە لە ساڵی ١٩٨٨ دا.

لە کوشتنی ئەنوەر ساداتی سەرکۆماری میسردا لە ساڵی ١٩٨١ دا لە لایەنی توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە, ئایین

**بروس هۆفمان**

بەکارهێنرا بۆ پاساودانەوەو بەخشینی رەوایی و بگرە هاندانی توندو تیژیی تیرۆریستانە, هەروەها کوشتنی ئیسحاق رابینی سەرەکوەزیرانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٤ دا, لە لایەنی چەکدارێکی جولەکەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا بکوژەکان پاساوی بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئاینییان رادەگەیاند، بۆ راوەستاندنی ئەو هەوڵی ئاشتییەی کە قوربانییەکانیان سەرقاڵی بوون. لە ساڵی ١٩٩٠ دا, تیرۆریستە موسوڵمانەکان سێنتەری بازرگانی نیویۆرکیان بۆمبباران کرد. هەروەها گروپێکی ئاینییانەی یابانی لە پشتی هێرشەکانی ساڵی ١٩٩٥ ی سەر رێگا ژێر زەمینییەکانی تۆکیۆ بوو کە گازی دەماریان کرد بە رێبوارانیدا. رێکخراوی ئەلقاعیدەی سەر بە ئوسامە بن لادنیش لە ساڵی ١٩٩٨ دا هێرشێکی خۆکوژییانەی کردە سەر سەفارەتی ئەمریکا لە کینیا و تانزانیا, هەروەها هێرشە خۆکوژییەکەی ساڵی ٢٠٠٠ یش بۆسەر کەشتییە جەنگییەکەی ئەمریکا لە بەندەری عەدەندا لە یەمەن, لەگەڵ هێرشە خۆکوژییەکانی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ دا, هەموویان لە لایەنی قاعیدەوە ئەنجام دران.

## ١١ی سێپتەمبەر

## تیرۆریزم

روداوەکانی ١١ ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١, لە مێژووی تیرۆریزمدا رووداوی بێوێنەن. لەو رۆژەدا ١٩ تیرۆریستی سەر بە رێکخراوی قاعیدەی بن لادن چوار فڕۆکەی نەفەرهەڵگریان فڕاند, ئەویش راستەوخۆ کە فڕۆکەکان فڕۆکەخانەکانی بۆستن, ماساچوسێت, نیویۆرك – نیوجێرسی, واشینگتۆنیان جێێشت. لە سەعات نۆی بەیانیدا فڕۆکەی یەکەمیان خۆی کیشا بە بورجی باکوری سێنتەری بازرگانی نیویۆرکدا, نزیکەی ١٥ خولەك دواتر, فڕۆکەی دووهەم خۆی کیشا بە بورجی باشوردا. کەمێك دواتر فڕۆکەی سێهەم خۆی کێشا بە بینای پێنتاگۆندا لە ئارلینگتۆنی ڤێرجینیا. فڕۆکەی چوارەم خۆی کێشا بە دەشتێکی دەرەوەی پێنسێلڤانیادا, ئەویش دوای ئەوەی نەفەرەکان لە رێگەی تەلەفونی مۆبایلەوە مەسەلەی فڕۆکەکانی تریان بیست, هەوڵیاندا پیش ئەوەی بتوانن خۆیان بکێشن بە نیشانەیەکی تردا, کۆنترۆڵی فڕۆکەکە بکەن. پێش ١١ ی سێپتەمبەر و لەماوەی سەردەمی نوێی تیرۆریزمدا, کە لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە دەستی پێکردبوو, تیرۆریستان لە ناو ئەمریکاو دەرەوەشیدا لە ١٠٠٠ ئەمریکی زیاتریان پێ نەکوژرابوو, بەڵام لە ١١ قوربانییەکانی سێپتەمبەر نزیکەی سێ ئەوەندەی ئەو ژمارەیە بوو.

**بروس هۆفمان**

پیلانی هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەر بە جۆرێك ورد و هێمنانە دارێژرابوو, کە رێکخراوە تیرۆریستەکانی تری ئیمرۆ شتی وایان پێوە دیار نیە. فرێنەرەکان جیهانیان حەپەساند بە سووربوونیان لەسەر کوشتنی خۆیان و دورینەوەی ژیانی نەفەرەکانی سەر فرۆکەکانیان و ژیانی هەزاران کەسی تری کارمەند یاخود سەردانکەری ناو سێنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن. دوای ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان جارِی جەنگێکی جیهانی دا دژی تیرۆر. یەکەمین هەنگاوی بریتی بوو لە هێرشێکی بەربلاوی سەخت بۆ سەر بنکەکانی مەشقکردنی قاعیدە لە ئەفغانستانی ژێر کۆنترۆڵی تالیبان. تالیبان پەناگەو دەرفەتیان بۆ بن لادن و شوێنکەوتووانی رەخساندبوو تا پیلان دابنێن و هەڵمەتە تیرۆریستە جیهانییەکەیان بخەنە گەڕ.

## ئایندەی تیرۆریزم

لە ماوەی ٢٠٠٠ ساڵی رابردوودا, تیرۆریزم هەبووەو پێشدەچێت چەندان ساڵی ئایندەش لەسەر لیستی ئەجێندا سیاسییەکان هەر بمێنێتەوە, چ وەك تیرۆریزمی ناوخۆ یاخود نێودەوڵەتی. تیرۆریزم هۆکارێك پێشکەش دەکات کە بە هۆیەوە لایەنە لاوازەکان دەتوانن بەگژی دژە زۆر بەهێزەکانیاندا بچنەوە.

بۆیە بێبەریکراوەکان و مافخوراوان و ڤین لە دڵان و لاوازان هانای بۆ دەبەن. لەوەش زیاتر تا رادەیەك مەسرەفی هەرزانە و ئەنجامیشی نمایشێکی بەربلاوی تۆقاندن و ترس و ئازار و وێرانکارە, بە ئومێدی ئەوەی لایەنی دووهەم ناچار ببێت وەڵامی داواکارییەکان بداتەوە. لەوەش زیاتر, تیرۆریزم بەردەوام خۆی دەگلێنێتە وەڵامدانەوەی کردەوە توندەکانی حکومەت بۆ ئەوەی نوشوستییان پێ بهێنێت. بۆیە تیرۆریزم بەردەوام سەرقاڵی گەڕانە بۆ ئامانجی نوێ و خاڵە لاوازە درك پێنەکراوەکانی دژەکانیان. ئەم تێکۆشانە شێمانەی ئەوە زیاتر دەکات کە تیرۆریستان هەندێك هۆکاری نائاشنا بەکاربهێنن بۆ هێرش, وەك هێرشی تیشکاوەریی یان بایۆلۆجی یاخود کیمیاویی (ئیتر تا دەگاتە چەکی ئەتۆمیش). هۆکارە ئایندەییکانی تیرۆریستان دەستی

**بروس هۆفمان**

دەگاتە دەستدرێژییکردنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرەکان بۆ تێکشکاندنی سیستمەکانی پەیوەندی نێوانی تۆڕەکان یان جەنگی ئەلەکترۆنی کە ئامانجەکەی وێرانکردنی ژێر بینای مۆلەقی کۆمەڵگایە, وەك پەیوەندی و ئامێرە کارەباییەکان و سەرچاوەکانی وزە, یاخود هەموو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی.

تیرۆریزم لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەی نوێتر خۆی دادەهینێتەوەو شیوەی نوێترو خەتەرناکتر وەردەگرێت. کە گروپە دێرینەکان دەبەزن یان شەکەت دەکرێن, گروپی نوێتر و رادیکاڵتر وبگرە توندو تیژتریش جێگاکانیان دەگرنەوە. لەوە ناچێت بتوانرێت تیرۆریزم بە تەواویی ریشەکێش بکرێت, بۆیە رووبەڕوو بوونەوەی هەڕەشەکانی پێویستی بە ئاگاییەکی بەردەوام هەیە. سروشتی زۆر ناوازەی تیرۆریزم, فرەیی و جیاوازیی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن, ئاڵۆزیی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی, مایەی تەحەدایەکی گەورەن بۆ ئەوانەی دەیانەوێت رووبەڕووی مەترسییەکانی ببنەوە.

## تیرۆریزم

**سەرچاوە:**

**Terrorism**
By: Bruce Hoffman
Microsoft Encarta Reference Library 2003.